# گەشەکردنی عەقڵانی کۆمەڵگەی سیاسی–مەدەنی لەنێوان کانت و هیگڵ دا

## توێژینەوەیەکی شیکاری بەراوردکارییە

**جبار اسماعيل احمد**

کۆلێژی زانستە رامیارییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**–گەشەکردنی عەقڵانی کۆمەڵگە گرێدراوی هزرینی بیرمەندان و فەیلەسوفانە بۆ پەیوەندییە مرۆییەکان، واتا بە بنەماگرتنی عەقڵ و عەقڵانیەت لە بەرەو پێشچوون و گۆڕانی کۆمەڵگە و دامەزراوەکان و پەیوەندییەکان لەپێناو دەستەبەری ژیانێکی باشتر. ئاماژە سەرەتاکانی بیرکردنەوە لە گەشەپێدانی کۆمەڵگە بەئاراستەی گوزارشتکردن بوو لە گەشەپێدانی بونیادی سیاسی و پەیوەندییە سیاسییەکان، بەتایبەت لای فەیلەسوفانی گریکی کۆن کە مرۆڤ بونەوەرێکی سیاسییە و سەرقاڵی رێکخستنی پەیوەندییە سیاسییەکانیەتی، بەڵام بەگەشەی ژیانی مرۆیی و گۆڕانی بیرکردنەوەکان لەهەمبەر گەشەی کۆمەڵگە، سەرنجدانیش لە ماهیەتی وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگە گۆڕانکاری بەسەردا هات.

فەیلەسوفانی عەقڵانی بەپشت بەستن بە رۆڵی عەقڵ، پرسی گەشەی کۆمەڵگە و کۆمەڵگەی مەدەنی – سیاسییان شرۆڤە کردووە، ئیمانوێڵ کانت پێیوایە کۆمەڵگەی مەدەنی بریتییە لە کۆمەڵگەی سیاسی گەشەکردو رووەو کۆمەڵگەی ئامانجەکان لەسەر بنەمایەکی عەقڵانی و ئەخلاقی، واتا لای کانت کۆمەڵگەی مەدەنی هەر کۆمەڵگەی سیاسییە بەڵام لەچەشنێکی گەشەکردوتر و عەقڵانی و ئەخلاقیتر. هەرچەندە هیگڵیش پشت بە عەقڵ دەبەستێت بۆ شرۆڤەی گەشەی کۆمەڵگە، بەڵام هیگڵ کۆمەڵگەی مەدەنی لە کۆمەڵگەی سیاسی جیادەکاتەوە و کۆمەڵگەی سیاسی بە رۆحی رەهای دەوڵەت نەتەوەوە گرێدەدات و ئاستێکی باڵاتری پێدەبەخشێت، هاوکات کۆمەڵگەی مەدەنی وەکو رایەڵێک لەنێوان تاکەکان و دەوڵەت وێنادەکات.

هەرچەندە هەردوو فەیلەسوف (کانت و هیگڵ) پشت بە بونیادی عەقڵانی دەبەستن بۆ شرۆڤەی گەشەکردنی کۆمەڵگە، بەڵام بە دوو دەرئەنجامی جیاواز دەگەن، کانت کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵگەی سیاسی وەکو هەمان بوون و لێکەوتی ئەو گەشە کردنە دەبینێت، بەڵام هیگڵ جیاوازی نێوان کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵگەی سیاسی وەکو بەرئەنجامی ئەو گەشەکردنە دەخاتەروو.

**کلیلە وشەکان:** کانت، هیگڵ، کۆمەڵگەی مەدەنی، کۆمەڵگەی سیاسی، عەقڵانیەت.

### پێشەکی

کۆمەڵگەی مرۆیی بە چەندان قۆناغی درێژی گەشەکردندا رۆیشتووە و تایبەتمەندی هەر قۆناغێکیش گرێدراوی کۆمەڵێک فاکتەر و پاڵنەری کارتێکەری باوی ئەو سات و شوێنەبووە. بەوپێیەی مرۆڤایەتی هەم لەبونیادی هزریی و کەلتوری و دامەزراوەکان و گۆڕانی بەهاکان و ماناکاندا لەرەوت و قۆناغی گەشەکردندا بووە و هەمیش لە بونیادی ئابوری و ژێرخان و ئامرازەکانی بەکارهێنان و شارستانێتیدا رووە و پێشکەوتن و گەشەکردن وەرچەرخاوە. هەر ئاست و چەشنێکی گەشەکردنیش چ راستەوخۆبێت یان ناڕاستەوخۆ، کاریگەری لەسەر فۆرم و شێوەی پەیوەندییەکان و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا هەبووە و هەیە، بۆیە دەبینین لەهەندێ شوێن و لەهەندێ قۆناغ فۆرمێکی بەڕێوەبردن و دەوڵەتداریێتی و گوڤێرمێنتاڵی باو و باڵادەست بووە و لە شوێن و قۆناغی تریش فۆرمی تر بەرچاو دەکەوێت.

بیرمەندان لە رەهەندی جیاوازەوە لە پرسی گەشەکردنی کۆمەڵگەیان ڕوانیوە و فاکتەری جیاوازیشیان وەک بنەمای ئەو گۆڕان و گەشەکردنانە دەستنیشان کردووە، هەروەها تا ئاست و سەردەمێک کۆمەڵگەی مەدەنی وەکو درێژکراوەی کۆمەڵگەی سیاسی، بەڵام ئاستێکی مرۆیی تر و نامیلیتاری تر و مەدەنی تر، بینراوە، دواتر و لای بیرمەندانی تر هەوڵی جیاوازی دانان لەنێوان هەردوو چەمکەکە دراوە.

بەشێک لەبیرمەندان لەڕوانگەی گەشە و گۆڕانی ئابوریەوە، یان گەشە و گۆڕانی مێژوویی و کەلتوری و جۆری دامەزراوەکانەوە لە گەشەکردن و گۆڕانی کۆمەڵگەیان ڕوانیوە، هەندێ لەبیرمەندانی تریش لەڕوانگەی گەشەکردنی دەسەڵات و کۆمەڵگە و بەڕێوەبردنەوە رووەو عەقڵانیەت و بە عەقڵانیبوون لە گۆڕان و گەشەی کۆمەڵگەیان ڕوانیوە.

کانت و هیگڵ لە دیارترین ئەو بیرمەندانەن کە گرنگی زۆریان بە بونیادی عەقڵانی گەشەکردنی کۆمەڵگە داوە، بەڵام لە شوناسپێدانی کۆمەڵگەی سیاسی و کۆمەڵگەی مەدەنی، وێڕای خاڵی هاوبەش، هەندێک جیاوازیان هەیە کە ئێمە هەوڵدەدەین لەم توێژینەوەیەدا ئەو خاڵە هاوبەش و جیاوازانە دەستنیشان و شرۆڤە بکەین.

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 9، العدد 2(2023) ؛ عدد الصفحات (11)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v9n2y2023.pp44-54

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 4 كانون الاول 2022؛ قُبل في 8 كانون آلثاني 2023؛ نُشرت في 16 نيسان 2023؛

البريد الإلكتروني للمؤلف : jabaresmael@univsul.edu.iq

حقوق الطبع والنشر ©2023 جبار اسماعيل احمد. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

**کێشەی توێژینەوە:** کێشەی توێژینەوەکەمان بریتییە لە هەڵوەستەکردن لەسەر پرسی ئەوەی کە کۆمەڵگەی مەدەنی چییە و ماهیەتەکەی چییە، و ئەو ڕەهەندانەی لەناواخنی خۆیدا هەڵیگرتون چ وەک پرسێکی سیاسی و بەگوزارشتکردنی وەک کۆمەڵگەی سیاسی یاسایی، چ وەک ناوەندگیر و ڕایەڵی نێوان تاکەکان و دەوڵەت یان دەسەڵات، واتا شوێندۆزی پرسی دەسەڵاتی سیاسی عەقڵانی کانت و بەراوردکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی وەک سەنتێزێک لای هیگڵ لەپێناو دۆزینەی خاڵی وەرچەرخانی چەمکەکە بۆ مانای ئێستاکیی کە بریتییە لە ناوەندێک لەنێوان تاکەکان و دەسەڵاتدا و شوناسێکی ناسیاسی یاخود کەمتر سیاسی بەخۆی بەخشیوە.

**گریمانەی توێژینەوە:** ئێمە لەم توێژینەوەیەدا گریمانەی ئەوەدەکەین کە هەرچەندە ڕوانگەی کانت و هیگڵ بۆ کۆمەڵگەی سیاسی – مەدەنی کۆمەڵێک لێکچون و لەیەکتزیکیان هەیە بەتایبەت لەپرسی عەقڵانیەتی گەشەکردنی کۆمەڵگەدا، بەڵام هاوکات خاڵی گۆڕانکاری مانا و ماهیەتی چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنیشە، واتا کانت دوا خاڵی بەکارهێنانی چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنییە وەک کۆمەڵگەی سیاسی، و هیگڵ دەبێتە دەستپێکی بەکارهێنانی مانا تازەکانی چەمکەکە وەک سەنتێزێک لە نێوان تێزە و ئەنتی تێزە دەوڵەت و تاکەکاندا.

**میتۆدی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا پشتمان بە کۆمەڵێک میتۆد بەستووە، میتۆدی شیکاری لەپێناو شیکارکردنی چەمکەکان و دۆزینەوەی مانا و شوناسەکانیان، هەروەها بۆ ڕاڤەکردنی تێکست و دەق و هاوکێشە فەلسەفییە ئاڵۆزەکانی کانت و هیگڵ پەنامان بردووەتە بەر میتۆدی هێرمۆنەتیک(ڕاڤەی دەق) تاوەکو بۆچونەکانی بیرمەندان بە ڕوونترین شێوە بگەیەنین و تێکستە فەلسەفی و هزرییەکان ڕاڤە و شیبکەینەوە، وێڕای ئەوانەش میتۆدی بەراوردکاریمان بۆ بەراوردی بۆچونەکانی هەردوو فەیلەسوف لەپەیوەست بە گەشەکردنی عەقڵانی کۆمەڵگەی سیاسی – مەدەنی بەکارهێناوە.

**گرنگی توێژینەوە:** گرنگی ئەم توێژینەوەیە بۆ ناوەندی ڕۆشنبیری ئێمە لەوەدا دەردەکەوێت کە ڕیشە مانایەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لای ئێمە هێشتا ناڕوون و هەندێکات ئاڵۆز و تێکەڵاوە بە چەمکی تری وەک شارستانیەت و کۆمەڵگەی سیاسی ئەمەش بەهۆی هاتنی چەمکەکە لەزمانی عەرەبییەوە کە زۆرکات چەمکی شارستانیەت لە بەرامبەریدا بەکار هاتووە، و ئەم توێژینەوەیە هەڵوەستە لەسەر وەرچەرخانێکی گرنگی مانابەخشین بە کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات، بەجۆرێک کە شرۆڤەی یەکێک لەو فەیلەسوفانە (ئیمانوێل کانت) دەکات کە کۆمەڵگەی مەدەنی وەکو کۆمەڵگەی سیاسی گەشەکردوو دەبینێت، هاوکات بۆچونەکانی بەراورد دەکات بە یەکێک لەو فەیلەسوفانە (هیگڵ) کە مانایەکی تری (نێوەندگیری نێوان دەوڵەت و خەڵک)ی بە چەمکەکە بەخشیوە، هەروەها وێڕای ئەوەی هەردوو فەیلەسوف بنەما عەقڵانییەکان بەهەند دەگرن، بەڵام بۆ مانا و مەبەستی جیاواز سودی لێوەردەگرن.

**پەیکەربەندی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە پێکهاتوە لە پێشەکی و دەرئەنجام و چوارباس، باسی یەکەم سەرەتایەکی تیۆرییە بۆ ناسینی چەمکەکانی گەشەکردن و گەشەکردنی عەقڵانی، و کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵگەی سیاسی لە دوو تەوەرەدا، لە باسی دووەمدا هەڵوەستەمان کردووە لەسەر ڕوانگەی ئیمانوێل کانت بۆ کۆمەڵگەی سیاسی – مەدەنی، هەروەها لە باسی سێیەمدا ڕوانگەی هیگڵمان بۆ کۆمەڵگەی سیاسی و کۆمەڵگەی مەدەنی شرۆڤە کردووە، و لە کۆتا باسیشدا ڕوانگەی هەردوو فەیلەسوف (کانت و هیگڵ)مان لەپەیوەست بە گەشەکردنی عەقڵانی کۆمەڵگەی سیاسی – مەدەنی، بەراوردکردووە.

## باسی یەکەم
## دەروازەیەکی بەرایی چەمکەکان

بۆ تێگەیشتن لە گەشەکردنی عەقڵانیانەی کۆمەڵگەی سیاسی و کۆمەڵگەی مەدەنی پێویستە هەڵوەستەیەکی ئاکادیمانە لەسەر چەمکەکان بکەین و ئەو مانا و ماهیەتانە شرۆڤەبکەین کە چەمکەکان لەناواخنی خۆیاندا هەڵیان گرتووە، بۆیە لەم باسەدا و لە دوو تەوەرەدا دەربارەی چەمکەکانی پەیوەست بە توێژینەوەکەمان دەدوێین بەمجۆرەی خوارەوە:

لەتەوەرەی یەکەم هەڵوەستە دەکەین لەسەر چەمکەکانی گەشەکردن و گەشەکردنی عەقڵانی، هەروەها لەتەوەرەی دووەم دا چەمکەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵگەی سیاسی بەشێوەیەکی گشتی شرۆڤە دەکەین.

### تەوەرەی یەکەم
### گەشەکردن و گەشەکردنی عەقڵانی

چەمکی گەشەکردن (Development) چەمکێکی گشتگیر و فرە ماناییە و لە هەمەجۆر بوار و بابەتدا و بۆ مانای جیاوازی پێشکەوتن و وەرچەرخان بەکاردێت، واتاکەی بەپێی ئەو مەبەستەی بەکار دەهێندرێت دەگۆڕێت، بۆنمونە لە پرسی ئابوریدا بەمانای ڕێژەی زیادبوونی داهاتەکان و کوالێتییەکانیان و کاریگەریان لەسەر گەشەی ئابوری وڵات بەکاردێت، هەروەها لەبواری کۆمەڵناسیدا پەیوەستە بەئاستی فراوانبوونی یەکانگیری کۆمەڵایەتی و هەماهەنگی و یەکتر قبوڵکردنی گروپ و کۆمەڵە و یەکە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان.

گەشەکردن لە بواری سیاسیدا گرێدراوە بە پرس و پرۆسە سیاسییەکان و دامەزراوە و ڕێکخراوە سیاسییەکان و گەشەکردنی فۆرمی دەسەڵات و پەیوەندییەکان لەنێوان ئەو یەکە و پرۆسە و دامەزراوانە، هەروەها پەیوەندیان بەدەرەوەی ژینگە سیاسییەکەشیانەوە. وێڕای جیاوازی بەکارهێنانی چەمکی گەشەکردن لە بوارە جیاوازەکاندا، بەڵام پێویستە ئەوە لەبەرچاوبگرین کە گەشەکردن لەبوارێک لەبوارەکانی کۆمەڵگادا کاریگەری لەسەر ئاستی گەشەی بوارەکانی تریش دەبێت، هەرچەندە ئەو کاریگەرییە دەشێت هەندێکات لاواز و ڕێژەیی بێت، بۆنمونە گەشەی ئابوری بەجۆرێک لەجۆرەکان پێشمەرجی گەشەی سیاسییە(الدرمکی، ٢٠١٢، ص١)، چونکە ئابوری بەهێز و سەربەخۆ ئەگەری ئەوەی هەیە بتوانێت دەستێوەردانی دەرەکی کەمبکاتەوە و پایەکانی دەوڵەتداری و خۆشگوزەرانی پتەوبکات.

سەرەتاکانی بەرفراوانبوونی بەکارهێنانی چەمکی گەشەکردن دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی جەنگی جیهانی دووەم، بەڵام ئەو بەکارهێنانە سەرەتاییەی زیاتر بۆ گوزارشتکردن بوو لە پێشکەوتنی مادی (Progress Material) و پێشکەوتنی ئابوری (Economic Progress)( السروجي و اخرون، ٢٠٠١، ص١١)، دواتر لەناو پرۆسە ئابورییەکاندا بە بونیادی دیکەوە گرێدرا، وەک مارسیلۆت(Marthelot) دەڵێت گەشەی ئابوری و پرسی هەژاری بە سێ لایەن جیادەکرێنەوە، ئەوانیش (ئاستی داهات و ئاستی خواردەمەنی بەردەست و ئاستی تەندروستی) ( السروجي و اخرون،

٢٠٠١، ص١٣). بەڵام دواتر چەمکی گەشەپێدان بۆ ئاستی گەشەی خۆشگوزەرانی و دواتر گەشەی دەوڵەت و سیاسەت و پرسە سیاسییەکان بەکار هات، واتا بەکارهێنانە سەرەتاییەکانی چەمکەکە نزیکییەکی لەگەڵ چەمکی پێشکەوتن دا هەبوو، بەڵام دواتر بۆ مانا و مەبەستی جیاواز و فراوانتر بەکارهات.

لەڕووی زمانەوانییەوە چەمکی گەشەکردن کە لە زمانی عەرەبیدا بەمانای (التنمية) دێت، بریتییە لە پێشکەوتن و گەشەی فراوانی بوارە جیاوازەکان و زیادکردنی داهاتەکان(بدون اسم الكاتب، ٢٠٢٢)، بەڵام گەشەکردنی سیاسی وەکو دەرهاویشتەیەکی سۆسیۆ – پۆلەتیکی بەرئەنجامی تیۆرە و دیدگاکانی بیرمەندانی سیاسی و فەیلەسوفان و سۆسیۆلۆژیستەکانە، تەنانەت هەندێک لەبیرمەند و نوسەران وەکو پرسێکی کۆمەڵایەتی پەتی لێیدەڕوانن، بەنمونە (دکتۆر نصر محمد عارف) پێیوایە گەشەکردنی سیاسی ئەگەرچی بابەتێکی پەیوەست بە دیاردە و ڕوداوەکانی گەشەی سیاسییە، بەڵام لە بنەمادا دۆزێکی کۆمەڵایەتییە(عارف، ١٩٨١، ص٧٣). بۆیە پێویستە لەچوارچێوەی گەشەی کۆمەڵایەتیدا لە گەشەکردنی سیاسی بکۆڵینەوە. هەروەها هەندێک لە بۆچوونەکان بەو ئاراستەیەدان کە گەشەپێدانی سیاسی هەڵگری خەسڵەتی فراوانی و گشتگیرییە، (گابرێل ئەلمۆند و جمێز کۆلەمن) پێیانوایە گەشەکردنی سیاسی بریتییە لە دەستەبەری کۆمەڵێک خەسڵەتی کۆمەڵگەی پێشکەوتو، لەوانە خەسڵەتەکانی ڕێژەیەکی بەرزی شارنشینی، بەرزی ڕێژەی خوێندەواری، بەرزی داهاتی ساڵانە، جوڵانەوەی بەرفراوانی جیۆگرافیایی و کۆمەڵایەتی، گەشەی پیشەسازیانەی ئابوری، پێشکەوتوویی تۆڕەکانی پەیوەندی و گەیاندن، ئاستی بەرزی بەشداری تاکەکان لە چالاکییە سیاسی و ناسیاسییەکانی کۆمەڵگەدا(قەوام، ٢٠٠٩، ص٢٣)، واتا گەشەکردنی سیاسی تەنها لەپرسە سیاسییەکاندا کورتنابێتەوە، بەڵکو درێژدەبێتەوە بۆ پرس و بابەتەکانی تریش، کە پێمانوایە گونجاوترین پێناسە و گوزارشتە بۆ چەمکی گەشەکردنی سیاسی. هەروەها لەزمانی ئینگلیزیدا ووشەی (development)مان هەیە کە مانای تەواوەتی گەشەپێدانە، بەڵام هاوکات وشەکانی (progress)و (evolution) مان هەیە: کە یەکەمیان بە مانای پێشکەوتن (تقدم) دێت، و دووەمیان کە بەمانای پەرەسەندن (تطور) دێت(هیجوت، ٢٠٠١، ص١٧). هەرچەندە دەکرێت چەمکی گەشەکردن بۆ مانای دیکە و مەبەستی دیکە بەکاربهێندرێت چونکە هەڵگری کۆمەڵێک ڕەهەندی فراوان و گشتگیرە، بەڵام ئەو فراوانی مانا و فرەڕەهەندییە نابێتە ڕێگر لەبەردەم بەکارهێنانە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفییەکەی بۆ خوێندنەوەی ئاستی گەشەی کۆمەڵگە و یەکە و گروپە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندییەکانیان و چۆنیەتی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و بەڕێوەبردنەکان لە کۆمەڵگا و دامەزراوەکانیدا، بەتایبەت دامەزراوە یاسایی و سیاسییەکان.

کاتێک ئێمە هەڵوەستە لەسەر چەمکی گەشەکردن ئەکەین، ئەوا گەشەکردن وەک بەرەمبنا و لێکەوتی کۆمەڵێک فاکتەر و ئامراز دەبینین، وەک گەشەی ئابوری و مادیی، گەشەی بەرەوپێشچونی مێژوویی، گەشەی ئاینی، گەشەی کەلتور و شارستانی، گەشەی عەقڵانی.

واتا دەکرێت گەشەکردنی کۆمەڵگە ڕووە و کۆمەڵگەیەکی سیاسی – مەدەنی بەرئەنجامی گەشەی مادیانەی کۆمەڵگە بێت، واتا گەشەکردنی کۆمەڵگە بریتییە لە گرێدراوی شێوازی بەرهەمهێنان و خەباتی چینایەتی(Eagleton, 2018, p36)، ئەو چینانەی کە ئەو مۆدێلەی بەرهەمهێنان لەهەناوی خۆیدا هەڵیگرتون، وەک ئەوەی کارل مارکس و فریدریک ئەنگلس لە نوسراوە هاوبەشەکەیاندا (ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی)، شێوازی گەشەکردووی بەرهەمهێنان (مادی) وەک شێوازی گەشەی مێژوویی کۆمەڵگە وێنا دەکەن(Marx with Engels, 1998, p58)، یاخود وەک ئەوەی هیگڵ پێمان دەڵێت بەرئەنجامی گەشەی عەقڵانیانەی مێژوو بێت بەرەو کامڵبوون (Kenny, 2007, p169)، یاخود گەشەی رووەوعەقڵانیانەی دەسەڵات بێت وەک ئەوەی ماکس ڤیبەر پێماندەڵێت، دەشێت لە نەریت و کاریزمایەوە کە هێزێکی نائاسایی ڕەمزی بۆ گۆڕانکاری هەیە وەرچەرخێن بۆ دروستکردنێکی دامەزراوەیی – یاسایی کە توانای شکاندنی سنورە نەریتییەکانی هەبێت بەرەو دەسەڵاتێکی یاسایی عەقڵانی و حکومڕانی بیرۆکراسی(Kalyvas, 2008, p11)، کە تیایدا گەشەکردنی عەقڵانی ڕۆڵی مەزنی هەیە، بەڵام گەشەکردنی عەقڵانی لای ڤیبەر بەواتای کۆتایی هێنان بە بەها ئەخلاقیەکان نییە(Lash and Whimster, 2007, p374) ، بەڵکو باڵایی ڕۆڵی عەقڵانیەتە لە بەڕێوەبردن و دەسەڵاتدارێتیدا.

لە کۆتاییدا ئەوەمان بۆ ڕوون بووەوە گەشەکردن چەندان ڕەهەند و پاڵنەر و فاکتەری جیاوازی هەیە کە ئاراستەی هەمەچەشن لەخۆدەگرن، بەڵام تەوەرەی ئیشکردنی بەشێکیان بەو دەرەچەیەدا دەڕوات کە گەشەکردن زیاتر پرسێکی عەقڵانییە، لەو بیرمەندانەش (ئیمانوێل کانت و فریدریک هیگڵ) گرێدراوی ڕەهەند و فاکتەری عەقڵ و عەقڵانیەتی گەشەکردنی کۆمەڵگەن، و هەردوو فەیلەسوف بە پشت بەستن بە گەشەکردنی عەقڵانیانەی کۆمەڵگەی سیاسی – مەدەنی، تێزەکانی خۆیان خستووەتەڕوو، کە لە باسەکانی داهاتوودا هەڵوەستەیان لەسەر دەکەین.

## تەوەرەی دووەم
## کۆمەڵگەی سیاسی و کۆمەڵگەی مەدەنی

بۆ گوزارشتکردن لە گەشەکردنی سیاسی کۆمەڵگە، پێویستە چەمکەکانی کۆمەڵگەی سیاسی و کۆمەڵگەی مەدەنی شیبکەینەوە، بەتایبەت کۆمەڵگەی مەدەنی هەم وەکو کۆمەڵگەی دوای سەرهەڵدانی دەسەڵاتی یاسایی و هەمیش وەکو ڕایەڵی نوێی پەیوەندی نێوان دەوڵەت و تاکەکان لە سەردەمی نوێدا، بەڵام ئەوەی دێتە بەردەمان بریتییە لەنەبوونی هاودەنگی و یەکڕایی لەبارەی کۆمەڵگەی مەدەنی، بەجۆرێک بەئەندازەی پارادایم و ڕەوت و ئاراستە جیاوازەکانی هزر و بیرکردنەوە، پێناسەی جیاوازیشمان بۆ چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە، بۆیە دەکرێت بڵێین چەمکێکی فرەڕەهەند و ئاڵۆزە و لایەنە جیاوازەکانیشی لە هزرە جیاوازەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە، بۆیە هەندێکات ماناکان لەیەکەوە نزیک و هەندێکاتیش دوور و تەنانەت دژ بەیەکیشن. هەروەها لایەنێکی تری جیاوازبوونی ماناکانی دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی دەسەڵات و مێژووی بیرکردنەوەی مرۆڤ لە سیاسەت و بەڕێوەبردن.

سەرەتاکانی سەرهەڵدانی چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی کە گوزارشتبوو لە کۆمەڵگەی سیاسی بۆ گریکی کۆن دەگەڕێتەوە، لای ئەریستۆ مرۆڤ ئاژەڵێکی سیاسییە و چالاکییە سیاسییەکانی پلەی یەکەمی ژیانی کۆمەڵایەتی پێکدەهێنێت(چاندۆک، ٢٠١١، ل١٢٥)، هەروەها دواتر و لەپرسی کۆمەڵگەی سیاسیی یاسایی و دیدگاکانی پەیمانی کۆمەڵایەتی و نەگێڕانەوەی سەرچاوەی دەسەڵات بۆ خوا و ئاینەکان، بەڵکو گرێدانەوەی بە کۆمەڵگە و تاکەکانەوە، تەواو بووە پرسێکی هزری و کۆمەڵایەتی ژیانی مرۆیی. واتا سەرەتاکانی چەمکەکە گرێدراوبوو بە مەسەلە سیاسییەکان و جۆر و شێوازەکانی بەڕێوەبردن و ڕەوایەتی دەسەڵاتی دەوڵەت و سەرچاوەی ڕەوایەتییەکە، ئەمەش هەمان ئەو مانایەی چەمکەکەیە کە کانت شرۆڤەی کردووە، واتا هێشتا لەم قۆناغەدا جیاوازییەکی ڕوون و ئاشکرا لەنێوان چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی و چەمکی کۆمەڵگەی سیاسیدا نییە و هەردوو چەمکەکە بۆ هەمان مەبەست و بەهەمان مانا

بەکاردەهێندرێن، یاخود وردتر بڵێین کۆمەڵگەی مەدەنی هەر بۆ گوزارشتکردن لە کۆمەڵگەی سیاسی بەکار دەهات، و بەئاشکرا هەردوو چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵگەی سیاسی تێکەڵ بەیەکترین، چونکە کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵگەی سیاسی هەمان دۆخی پێکەوەیین لەبەرامبەر دۆخی سروشتی پێش پەیمانی کۆمەڵایەتی(چاندۆک، ٢٠١١، لا١٣٣)، بەڵام دواتر و بەتایبەت دوای دەرکەوتنی کۆمەڵگەی بۆرژوازی و هاتنەئارای بواری مەدەنی لەناو دەوڵەتدا و پرسی سەرمایە، و سەربەخۆیی سەرمایە و ئابوری لەسیاسەت، و پرسی مافی تاکەکان، چەمکەکە مانایەکی تری وەرگرت و جۆرێک لە شوناسی ڕێکخستنی ناسیاسی نێوان تاکەکان و پەیوەندییە ئابوریەکان و سیستماتیکی ئەو بەش و بابەتانەی پێویستیان بە دەسەڵاتی سەرکوت نییە، وەرگرت(عبداللهی و راد، ٢٠٠٩، ص٣٥)، ئەمەش هەمان مانای چەمکەکەیە کە لای هیگڵ و لە باسی سێیەمدا شرۆڤەی دەکەین کە بنەما و هۆکاری گۆڕانی مانای چەمکەکە ڕوون دەکاتەوە.

واتا بەکارهێنانی یەکەمجاری چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی هەمان واتای چەمکی کۆمەڵگەی سیاسی بوو، ئەمەش بۆ گوزارشت لە فۆرمی تازەی دەسەڵات کە شەرعیەتەکەی پشت بە ڕەزامەندی خەڵک ببەستێت و ئەرکەکەی تەنها لە پرسە سەربازی و سیاسییەکاندا کورت نەبێتەوە، بەڵکو بابەتەکانی تری ژیانی مەدەنیش لەخۆ بگرێت، ئەم جۆرە بەکارهێنانەی چەمکەکە لای فەیلەسوفان (ژان ژاک ڕۆسۆ و جۆن ستیوارت میل) دەبیندرێت، لای ڕۆسۆ لە کتێبی (پەیمانی کۆمەڵایەتی)دا دەتوانین شوێندۆزی کۆمەڵگە و دەسەڵاتی مەدەنی بەوجۆرە پێناسەبکەین کە پشت بە پەیمانێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی نێوان تاکەکان و بوونی ئیرادەی گشتی وەک سەرچاوەی ڕەوایەتی ببەستێت(Rousseau, 1999, p135)، بەجۆرێک بونیادێکی مەدەنی بە پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵات و تاکەکان و پەیوەندییەکانی نێوان یەکەکانی دەسەڵات خۆیشیان ببەخشێت، میل لە کتێبی (چەند سەرنجێک دەربارەی حکومەتی نوێنەرایەتی)دا ئەو فۆرمەی دەسەڵات بەوجۆرە وێنادەکات: یاسا شیاوەکان پەسەند و یاسا خراپەکان ریفۆرم دەکرێن، شایستەترین تاکەکان لەلایەن خەڵکەوە دەخرێنە شوێن و پلە و پۆستەکان و بەرپرسیارییەتی و ئەرکەکان بەڕێوەدەبرێن بۆ گەشەی وڵات(Mill, 2009, pp59-60)، هەروەها لەکتێبی (لەبارەی ئازادییەوە) دەتوانین ئەو ڕایەڵانە بدۆزینەوە کە میل داوای دەکات بۆ مەدەنی بوونی کۆمەڵگە و ڕێگەگرتن لە دەستێوەردانەکانی کۆمەڵگە و زۆرینەی کۆمەڵگە لە ماف و ئازادییە تایبەتییەکانی تاک، هەروەها هاوسەنگییەک دروستبێت لەنێوان دەستێوەردانی حکومەت و کۆمەڵگە، بەجۆرێک کە نەبنە هۆی پێشێلی ئازادی تاک و هەر یەکێکیشیان ببێتە بنەمای ڕێگرتن لە دەستدرێژی ئەوەی تریان(Mill, 2001, p69)، واتا کۆمەڵگەی مەدەنی بریتییە لە کۆمەڵگەی سیاسی سازاو لەسەر بنەمای پاراستنی ماف و ئازادییەکانی تاک و ڕێگەگرتن لە دەستدرێژی بۆسەر ئەو ماف و ئازادیانە، بەڵام لەسەردەمی نوێدا ماناکەی دەگۆڕێت بۆ ئەو ڕایەڵەی لەنێوان دەوڵەت و تاکەکان، یاخود لەنێوان دەوڵەت و گروپ و کۆمەڵەکاندا هەیە کە ئامانج لێی فشارخستنە سەر دەوڵەت و دەسەڵاتە لەپێناو دەستەبەر و پاراستنی مافی ئەو تاک و یەکە و کۆمەڵانە.

لەم کۆتاییەدا بەو ئەنجامە دەگەین کە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی مەدەنی بریتیبوو لە کۆمەڵگەی سیاسی و یاسایی بە پشتبەستن بە پەیمانی کۆمەڵایەتی و ڕەزامەندی خەڵک، و لەخۆگرتنی لایەنی مەدەنی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە، بەڵام دواتر مانای چەمکەکە گۆڕاوە بۆ ڕایەڵی نێوان دەوڵەت و خەڵک و فاکتەری پاراستنی بەرژەوەندی و پێداویستییەکانی تاک و گروپەکان، و بەجۆرێک لەجۆرەکان مانایەکی ناسیاسی وەرگرتووە.

## باسی دووەم
## ڕوانگەی ئیمانوێڵ کانت بۆ کۆمەڵگەی سیاسی – مەدەنی

نوسراوەکانی کانت لەمەڕ کۆمەڵگای مەدەنی لەپێناو دووبار ڕێکخستنەوەی دەوڵەت و کۆمەڵگا لەسەر بونیادێکی عەقڵانیە، هەروەها بیناکردنی کۆمەڵگەیەک کە زۆرترین یەکسانی و دادپەروەری فەراهەم بکات،لە دیدی کانتەوە دامەزراندنی حکومەتێکی یاسایی بەهێز کە تیایدا هەمووان بتوانن سود لە مافەکانیان وەربگرن و بنەمایەکی بنەڕەتی بۆ داکۆکی لەو مافانەیان دابڕێژن بریتییە لە دامەزراندنی کۆمەڵگەی مەدەنی(الكعبی، ٢٠١٧، ص٢٦)، کە بەپشت بەستن بە عەقڵ و لەسەر بنەمایەکی یاسایی دادپەروەری و یەکسانی دەستەبەربکات. کۆمەڵگەی مەدەنی لای کانت جیاوازنییە لەکۆمەڵگەی سیاسی، بەپێچەوانەی هیگڵ کە کۆمەڵگەی مەدەنی لە کۆمەڵگەی سیاسی جیادەکاتەوە.

سەردەمی کانت سەردەمی ڕۆشنگەری بوو، کانت سەرسام بوو بە ڕۆشنگەری و لێکەوتەکانی کە لەسەر بنەمای گەشەکردن و عەقلانیەت بوو، لەم سۆنگەیەوە کانت لە (١٧٨٤) وتاری (ڕۆشنگەری چییە؟)ی بڵاوکردەوە و تیایدا پرسی عەقڵانیەتی گەشەکردنی کۆمەڵگەی شرۆڤە کرد، و دەڵێت سەردەمی ڕۆشنگەری بریتییە لە سەردەمی ڕزگاربوونی مرۆڤ لە ناکامی ئەویش بە بەکارهێنانی عەقڵ، هەربۆیە دروشمی ئازابە و عەقڵی خۆت بەکار بهێنە وەکو دروشمی ڕۆشنگەری وێنا دەکات .(Kant, 2013, p2) لەو کاتەدا کە فەلسەفەی خۆرئاوایی لەسەر بنەمای دوو ئاراستە گەشەیکرد ئەوانیش ئاراستەی ئەزمونی کە باوەڕی بە کاریگەری هەستەکان لە بەدەستهێنانی مەعریفەدا هەبوو، و ئاڕاستەی عەقڵانی کە باوەڕی بە ڕۆڵی عەقڵ هەبوو(دیۆرانت، ٢٠١٢، لا٣٣١)، کانت لەو فەیلەسوفانە بوو کە پرسی عەقڵ و عەقڵانیەتی کرد بە چەقی توێژینەوەکانی، بەتایبەت لە بەرهەمەکانی (ڕەخنەی عەقڵی پراکتیکی و ڕەخنەی عەقڵی پەتی)، لە ڕەخنەی عەقڵی پراکتیکیدا پێماندەڵێت هەرچەندە درەنگبوو  بەڵام هاتنی مۆدێرنە لانیکەم بووە هۆی بەدواداچوونی ورد بۆ هەنگاونانی عەقڵ لەپێناو دەستەبەری شێوازی بیرکردنەوەیەکی دروست(Kant, without date, p167)، هەروەها لەڕەخنەی عەقڵی پەتی دا بڕوای وایە: ناسینی سروشتی عەقڵی پاک گرێدراوی تێگەیشتنێکی هاوبەشە نەوەک نەزانی و ناعەقڵانیەت(Kant, 1998, p703)، ئەم تێگەیشتنە هاوبەشەش لەناو کۆمەڵگەی مەدەنی - سیاسی و بەپشت بەستن بە عەقڵانیەتی گەشەکردن دەستەبەر دەبێت.

کۆمەڵگای مەدەنی بەلای (کانت)ەوە بریتیە لە حوکمی یاسا بۆ دەستەبەری ئازادی تەواو بۆ کۆمەڵگا، وکانت بانگەشەی عەقڵی فەردی دەکات و دەڵێت خۆت عەقڵی خۆت بەکاربهێنە، و مەبە بە پاشکۆی بیرکردنەوەی کەسانی تر(Kant, 2013, p2)، کە مەبەستی کانت ئەوەیە نابێت ڕێگەبدەیت کەسانی تر لەجێگەی تۆ بیربکەنەوە. کانت لە وتارێکی دا کە لە (١٧٨٦)دا نوسیویەتی جەخت دەکاتەوە لەوەی ئازادی بیرکردنەوە و پێویستی هاوبەشیکردن لەگەڵ ئەوانی تر و پەیوەندی ئاڵوگۆڕی بۆچونەکان ڕێگە لە دەسەڵات لەبەرتەسکی ئازادی بیر دەگرێت، تاک وەک ئەندامێکی باش لە کۆمەڵگادا وادەکات کە زۆرترین ئازادی هەبێت، و لەگەڵ زۆرترین کەس هەماهەنگ بێت، ئەمەش بەهۆی ئیرادەی ئازاد و پاڵنەری ئەخلاقیەوە دەبێت(نائب، ٢٠١٦، ص ٨٨). پاڵنەری ئەخلاقیش جۆرێکە لە دەرهاویشتەی یاسای ئەخلاقی، بەڵام لای کانت ئەم یاسا ئەخلاقییە بە حەز و هەستەکانی ئێمەوە نەبەستراوەتەوە، بەڵکو وەکو حەقیقەتێکی پەتی شتێکی پێشینەیی و ئەزموونییە و لەڕێگەی ئاوەزەوە دەردەکەوێت(جەهانبەگلو، ٢٠٠٩، لا١٦٠).

کانت پێیوایە ماهیەت و ستراتیژیەتی سروشت بەجۆرێکە کە لەسەرووی ئاگایی ئێمەوە هەڵگری جۆرێک لە ئیرادەیە کە یاساکانی خۆی بەسەر بوون و تەنانەت مرۆڤیشدا زاڵ بکات(دولوز، ١٩٩٧، ص١٢٤)، ئەمەش لەژێر چەمکی ئەخلاقدا پەرەپێدەدات، چونکە ئەو ماهیەتەی سروشت لە مانابەخشین بە ئەخلاق وائەکات تێگەی ئاکار (مەفهومی ئەخلاق) پەیوەستبێت بە ئادابی باش کە پێویستە لەسەر مرۆڤ پێیانەوە پابەند بێت، چونکە بۆ کانت تاکە بەهای باڵا کە هەبێت بریتییە لە ئەخلاق کە دەکرێت وەک بنەمایەکی بەرخورد لەهەمبەر نادادی و بیبندرێت، بۆیە لای کانت ژیانی ئەخلاقی سەرکەوتوو پێویستییەک بوو بۆ هەموو بوونەوەرە عەقڵانیەکان بەهەمان ئاست و ڕادە(Kenny, 2007, P249)، ئەمەش واتای لای کانت بۆ ئەوەی تاک بتوانێت خۆی بۆ خۆی و لەپێناو بەرژەوەندی گشتی بیربکاتەوە ئەوا لەخاڵی یەکەمدا پێویستە خۆی رزگاربکات لەوەی لەژێر دەستی کەسانی تردا بێت و لەجیاتی بیربکەنەوە و بڕیاربدەن. لایەنی دووەمی ئیرادەی ئازادی تاک ئەوەیە کە لەگەڵ ئەوانی تردا بیروبۆچوون بگۆڕێتەوە و توێژینەوە بکات، وە پرەنسیپی سێیەم ئەوەیە کە بیرکردنەوەی بەیەکەوە گونجاویان هەبێت و لە ژێر سایەی دوو قاعیدەی یەکەم و دووەم دا هەوڵبدات بۆئەوەی هەڵوێستێکی گشتی هاوبەش بەدەست بهێنێت.

کانت کۆمەڵگای مەدەنی بە کۆمەڵگای ئامانجەکان(مجتمع الغايات) پێناس دەکات کە لەسەر بنەمای بوونی یاسا و ژێر رۆشنایی دەستوریی دامەزراوە لە پێناو دڵنیایی لە پاراستنی مافەکانی سەرجەم هاوڵاتیان، لە کۆمەڵگای مەدەنی دا پێویستە دەوڵەت ئیعتماد بکاتە سەر ئەو یاسایانەی کە مافی خەڵک دەپارێزن، و قبوڵی دەسەڵاتی دەوڵەت بەلای تاکەکانەوە لەسەر بنەمای پاراستنی مافەکانیانە. لای کانت کۆمەڵگەی مەدەنی پێویستە لەسەر بنەمای ئازادی یەکسان لەنێوان هاوڵاتیان و ناچارکردنی تاکەکان بە ئاشتی و پاراستنی ئەو ئازادیە دەبێت، کانت دەڵێت مامەڵەکردنت با مامەڵەیەکی ئینسانیانە بێت هەم بەرامبەر خۆت هەمیش بەرامبەر ئەوانی تر، ئەو مامەڵەیەت وەک ئامانج بێت نەوەک ئامراز، واتا هەرگیز تاکەکان نابنە خاوەن ئازادی یەکسان لەگەڵ ئازادی ئەوانی تر مەگەر هەندێ قەیدی شەرعی هەبێت تاوەکو تاکەکان ناچاربکات بە ڕێزگرتنی ئازادی ئەوانی تر(نائب، ٢٠١٦، ص ص ٩٦-٩٧). چونکە دەشێت کەسانێک هەبن هێشتا بوونیادی ئاکارییان نەگەیشتبێتە کەماڵی خۆی و نەخوازن یاخود نەتوانن ئازادی ئەوانی تر پارێزراو و ڕێزلێگیراو بکەن. بەواتایەکی تر لای کانت پێویستە ئەو مرۆڤایەتییەی کە درکمان کردووە، جێگەی ڕێز و بایەخی ئێمە بێت و کەرامەتی مرۆیی لەو توانست و پۆتێنشالیەتەدایە کە بەشێکە لە مەهامی بوونی، و گەرەکە بۆ ڕێکخستنی ئەو یەکە پرەنسیپیانەی وەک یاسا بەلای مرۆڤەکانەوە باوەڕ پێهێندراوە(جەهانبەگلو، ٢٠٠٩، ل١٦٢)، چونکە ئەگەر بڕیاروایە ئازاد بین ئەوا پێویستە بەجۆرێک ڕەفتاربکەین کە هاوتای خواست و ئازادی مرۆڤایەتی و بەختەوەرییەکەی بێت، و نابێت وەکو ئامراز مامەڵە لە گەڵ تاکەکانی تر و ئازادی و مافەکانیاندا بکەین، بەڵکو پێویستە لەبەرچاوگیرانیان وەکو ئامانج بێت(جەهانبەگلو، ٢٠٠٩، ل١٦٢)، چونکە هەر لەناواخن و جەوهەری خۆیاندا ئامانجن.

فەلسەفەی ڕەخنەیی کانت گفتوگۆی ئەوە دەکات کە جیاوازییەکی تەواو هەیە لەنێوان جیهانی سروشتی (لەواقیع دا چۆنە) و جیهانی ئەخلاقی (پێویستە چۆن بێت). کانت ڕای وایە کە پرەنسیپی ئەخلاقی ناتوانێت لە فەوزادا بەردەوام بێت، بەڵام خەڵک ئەتوانن لەڕێگەی مەنهەجی عەقڵانی بۆ جیهان ئەو بنەمایە بەدەست بهێنن(طرابيشي، ٢٠٠٦، ص٥١٥). کاتێکیش مەنهەجی عەقڵانی بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی بەختەوەرانە دەخاتە بەرباس ئەوا دەخوازێت هەم تیۆرەی دەیڤدهیۆم دەربارەی جەوهەری عەقڵ ڕەخنەبکات، بەوپێیەی هیۆم بەشێوەیەکی وورد نەچووەتە جەوهەر و قوڵایی عەقڵەوە(rockmore, 1993, p11)، هەمیش تیۆرەی پەیمانی کۆمەڵایەتی (کە بناغەکەی لەلایەن تۆماس هۆبز و جۆن لۆک و ژان ژاک رۆسۆ وە دارێژرابوو) بۆ دروستبوونی دەوڵەت کە لەباسی پێشودا وەک سەرەتایەکی گەشەکردنی عەقڵانی وێنامان کرد، ڕەخنەبکات و ڕەتبکاتەوە، ڕەتکردنەوەی پەیمانی کۆمەڵایەتی لای کانت دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکار لەوانە: بنەمای تیۆرەی پەیمانی کۆمەڵایەتی تیۆرەیەکی پەتییە و شتێکنییە لەمێژوودا ڕوویدابێت، بەڵکو تیۆرەیەکە و لەپێناو پاساودانی شۆڕشە، خۆئەگەر تیۆرەیەکی لەو چەشنەشمان لە واقیع دا هەبێت ئەوا ناتوانێت مافی بوونی شۆڕشمان بۆ بسەلمێنێت، چونکە بنەماکەی بریتییە لە دەستبەگرتنی تاکەکان لە مافەکانیان بۆ فەرمانڕەوا(بدوی، ١٩٧٩، ص ص ١١٧-١١٨)، هەروەها تیۆرەی گرێبەست ئەنجامێکمان دەداتێ کە پابەندی دەسەڵات بین، ئیتر سەرچاوەکەی هەرچییەک بێت، و هیچ تاکێک مافی لای فەرمانڕەوا نابێت بێجگە لە سکاڵاکردن، ئەویش کاتێک کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن پێچەوانەی یاساکانی ڕەفتاری نواندبێت(بدوی، ١٩٧٩، ص ١١٨).

ڕەتکردنەوەی بیرۆکەی پەیمانی کۆمەڵایەتی بەمانای ڕەتکردنەوەی تێزە و تیۆرە عەقڵانیەکان و ڕەتکردنەوەی ڕۆڵی عەقڵ نییە لە گەشەکردنی کۆمەڵگەدا، بەڵکو بۆ کانت عەقڵ بنەمای گەشە و هەماهەنگی و پێشڤەچونی کۆمەڵگەیە، تەنانەت بڕوای بە سەرداریێتی عەقڵ بەسەر یاساکان و بەڕێوەبردنی ژیانی مرۆییشەوە هەیە، و پێیوایە کاتێک یاساکان لەعەقڵەوە سەرچاوە بگرن ئەوا ئەو یاسایانە لای هەموان هەمان یاسا دەبێت و بەمجۆرە کۆمەڵگەی مەعقول یان مەملەکەتی ئامانجەکان دێتە ئارا، واتا هەماهەنگی و ڕێکخراوەیی لەژێر یاسایەکی هاوبەش، ئەمەش پێشمەرجی سەرکردەیەکی هۆشیار و هۆشمەندە کە خاوەن ئیرادەیەکی کامڵە(کرم، ٢٠١٢، ص٢٦٢)، واتا دەکرێت بڵێین کۆمەڵگەی مەدەنی لای کانت بریتیە لە کۆمەڵێک ئەگەری پێکەوە گونجاولەسەر بنەمایەکی عەقڵانی، هەروەها عەقڵ دەبێتە فاکتەری هاتنە ئارای پەیوەندییە ئەخلاقییەکان، بۆیە کانت باوەڕی وانیە کە سیاسەت دابڕاوبێت لە ئەخلاق، بەڵکو جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە سیاسەت لەسەر بنەمای ئەخلاق وەستاوە، ئەم ئەخلاقەش دەستەبەر و پارێزەری مافەکانی تاکەکانە، چونکە ئەخلاق دەبێتە بنەمای یاسا، و هەموو دەبێت پابەندی ئەو یاسایانە بین کە لە ئەخلاقەوە هاتوون و ئەخلاق خۆی بونێکی ڕەها و بنەڕەتییە(Becker, 2004, p69)، هەروەها کۆمەڵگای مەدەنی پارێزەری ئەو مافانەیە بەڕێگەی یاسایی - ئەخلاقی، و دەوڵەتی قانونی ئەو یەکەیەیە کە دەتوانێت هەماهەنگی بکات لەنێوان سەربەخۆیی تاکە ئەخلاقیەکان و داواکاری سیستەمی گشتی.

لە ڕوانگەی کانتەوە دەتوانین لەسەر دوو ئاست بڕوانینە کۆمەڵگەی مەدەنی، یەکەم بریتیە لە ئاستی ئەخلاقی دامەزرێنەرانە(الاخلاق التأسيسي): پەیوەستە بە ئازادی ناوەکی بۆ بوونی مرۆڤ، دووەم ئاستی یاسای مافەکانە(قانون الحقوق): پەیوەستە بە ئازادیە دەرەکیەکانی تاک بەو وەسفەی ئەندامە لە کۆمەڵگەی مەدەنی و مامەڵەکردنی پەیوەستە بە ئازادی تاکەکانی تر(نائب، ٢٠١٦، ص ١٠٠). هەردوو ئاستەکە لای کانت گرێدراوی عەقڵانیەتی گەشەکردنن بەجۆرێک کە بێ بوونی عەقڵ بونیادە یاسایی و ئەخلاقییەکانیش هەرەس دەهێنن، ئەو عەقڵەش کە ڕۆڵی بونیادی لەم دوو ئاستە دەبینێت لای کانت بریتییە لە هزری فراوان (الفكر المتسع)، هزری فراوانیش بریتییە لە بنەمایەکی هاوبەشی بیرکردنەوەی هەمووان لەپێناو بونیادنانی دیدێکی گشتی و هەموەکی کە تاکەکان بۆ هەڵسەنگاندنی بۆچون و هەڵوێستە تایبەتییەکان بەکاری بهێنن و لەگەڵ کەسانی دیکەدا هەوڵی دۆزینەوەی کارتێکەر و لێکەوتەکانی نیگەرانییە گشتییەکان بدەن(ديلو، ٢٠٠٠، ص٢٤٤)، چونکە بەبێ بوونی هاوکاری و

هەماهەنگی لەو چەشنە ناتوانین بنەما یاسایی و ئەخلاقییەکان وەکو ڕەهەندی کارتێکەری گەشەکردنی عەقڵانی کۆمەڵگەی مەدەنی ببینین.

بۆ دەستەبەری هەماهەنگی و کۆمەڵگەی مەدەنی و دەستەبەری مافی گشتی، کانت پێیوایە دەبێت جۆرێک لە ناچارکردن هەبێت تاوەکو تاکەکان دەستدرێژی نەکەنە سەر مافی ئەوانی تر و تەنانەت لە ئاستی نێودەوڵەتی و پەیوەندی نێوان دەوڵەتانیش بڕوای بە ئاشتییەکی ناچارکراو هەیە لەڕێگەی دامەزراوەیەکی جیهانییەوە، چونکە یەکلایی کردنەوەی کێشەکان بەڕێگەی جەنگ وەک دۆخێکی دڕندانە دەبنێت(کرم، ٢٠١٢، ص٢٩٤)، هەروەها پێیوایە لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا بنەمای ئازادی یەکسان لە ڕێگەی بەکارهێنانی دروستی زۆرەملێیی و ناچارکردنەوە بەدەست دێت و ئەمەش بەو مانایەیە کە تاکەکان ئازادی یەکسانیان لەگەڵ کەسانی دیکەدا نییە تەنها کاتێک سنووردارکردنی یاسایی هەبێت لەهەمبەر دەستدرێژییەکانیان، واتە یاسای پابەندکەری یاسایی کە زۆرەملێیی بەکاردەهێنن بۆ دڵنیابوون لەوەی تاکەکان واز لە ئەنجامدانی هەر کردارێک بهێنن کە ببێتە هۆی ڕێگری لە ئازادی، یان ڕێگری لە کەسانی دیکە لە بەدەستهێنانی ئەو مافانەی کە مافی خۆیانە(کرم، ٢٠١٢، ص٢٤٩)، چونکە نەبوونی جۆرێک لە یەکسانی دەرفەت بۆ دەستەبەری مافەکان وائەکات پایەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی داڕوخێن و پرسی عەقڵانی بوونەکەشی بکەوێتە ژێر پرسیار و گومانەوە.

کانت وێڕای جەختکردن لەسەر عەقڵ وەک پرەنسیپ و بنەمایەکی جەوهەری بۆ گەشەکردنی کۆمەڵگە، بەڵام کۆمەڵگەی مەدەنی لە کۆمەڵگەی سیاسی جیا نەکردووەتەوە، بەڵکو بەهەمان مانا بەڵام ئاستێکی تری گەشەکردوی کۆمەڵگەی سیاسی (کۆمەڵگەی ئامانجەکان) بەکاری دەهێنێت، هاوکات جەخت لەسەر ڕەهەندی ئەخلاقیانەی سیاسەت و کۆمەڵگە دەکاتەوە بۆ گەشەپێدانی پەیوەندییە مرۆییە سیاسییە کۆمەڵایەتییەکان.

## باسی سێیەم
## ڕوانگەی هیگڵ بۆ کۆمەڵگەی سیاسی و کۆمەڵگەی مەدەنی

هەرچەندە فەلسەفەی ڕۆشنگەری لەروانگەی خۆیەوە بابەتەکانی پرسی گشتی و پرسی ئەخلاقی تاوتوێکرد و بەرگری لە تاکگەرایی کردووە تا ئاستی سەربەخۆیی بۆ هەموو تاکێک، بەڵام هیگڵ هات و ئەم پرسەی بەجۆرێکی تر شیکردەوە، ئەویش لەسەربنەمای خود و بابەت، سوبێکت و ئۆبێکت، ئینسان و سروشت، هاوڵاتی و کۆمەڵ، واتا هیگڵ باس لەدوو ئەخلاق دەکات ئەخلاقی سوبێکتی و ئەخلاقی ئۆبێکتی، ئەخلاقی ئۆبێکتی پەیوەستە بە پرسی سیاسی و مەسەلە گشتییەکان کە بۆئێمە گرێدراوی پرسی کۆمەڵگەی مەدەنی – سیاسی دەبێت، هەروەها هەردوو ئەخلاقی سوبێکت(subject)ی و ئەخلاقی ئۆبێکت(object)ی بەبێ ویستانە و بە هەمەکی لە دوو ڕەهەندی بیرۆکەیی و کردەییدان(Hegel, 1977, p576)، واتا گرێدراوی هزر و پراکسیس(Praxis)ن و ناتوانین بە بوونی ئاکارێتی بیرکردنەوە بەتەنها، یاخود ئاکارێتی کردەیی بەتەنها، لەبوونی ئاکارێتی سوبێکتی و ئۆبێکتی کامڵ دڵنیا ببینەوە .

گواستنەوە لە (ڕوانینی کەسی و تایبەتی) لە پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بۆ (روانینی گشتی) بۆ دامەزراوەی کۆمەڵایەتی بریتیە لە پێویستی گەشەکردنی (تایبەتی بۆ گشتی) یان (بەشەکی بۆ هەموەکی) کە لەناوخۆی دا گواستنەوەی (تاک بۆ دەوڵەت)ی هەڵگرتووە، بەڵام ناوەندێک هەیە لەنێوان تاک یان خێزانەکان و دەوڵەتدا، ئەو ناوەندەش بریتیە لە دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی(نائب، ٢٠١٦، ص ص ٩٠-٩١)، بەمجۆرە لەدوو لایەنی خەڵک و دەوڵەتەوە بۆ سێ لایەنی خەڵک و کۆمەڵگەی مەدەنی و دەوڵەت وەردەچەرخێین، کە هیگڵ سەرەتا و دەستپێکەری ئەو وەرچەرخاندنەیە، هەروەها هەر ئەو وەرچەرخاندن و گواستنەوەیەشە دەبێتە خاڵی جیاکردنەوەی کۆمەڵگەی سیاسی لە کۆمەڵگەی مەدەنی لای هیگڵ، بۆ ئەم مەبەستەش هیگڵ هەردوو چەمکی Burgerlichegesselschaft – کۆمەڵگەی بۆرژوازی (و gesselsch aft - )کۆمەڵایەتی (لەیەکتر جیا دەکاتەوە، کە دووەمیان گوزارشتە لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی نەریتی، بەڵام یەکەمیان گوزارشتە لە هەستکردنی ئاگامەندانەی بەرژەوەندییەکان(زعطوط و ضیف، ٢٠١٨، ص٤٥)، واتا دەکرێت بڵێین دووەمیان بۆ بیرۆکەی پەیمانی کۆمەڵایەتی، و کۆمەڵگەی مەدەنی وەک گوزارشتی کۆمەڵگەی سیاسی ڕێکخراو ئەژمار بکەین، بەڵام چەمکی (کۆمەڵگەی بۆرژوازی) هاو واتای کۆمەڵگەی مەدەنی ئێستایی بناسین کە ڕایەڵی نێوان کۆمەڵگەی سیاسی و خێزان یان تاکەکانە.

هیگڵ پێی وایە ئەم گواستنەوە و گەشەکردن و وەرچەرخانە لەسەر بنەمای عەقڵ دەبێت، چونکە عەقڵ جەوهەری مێژووە، و مێژوو نەخشەی گەشە و پێشکەوتنی ئازادییە، مەبەستی هیگڵ لە مێژوو، مێژووی فیکرە کەتاک خۆبەخۆ بەدەستی هێناوە، چونکە هۆشیاری تاک لای هیگڵ بەدوو قۆناغ بەدەست هاتووە، یەکەم هەستەکیە و تاک درک بە دەوروبەری دەکات، بەڵام قۆناغی دووەم هۆشیاری خودیە و تاک هەست بەبوونی خۆی دەکات وەک بوونێکی سەربەخۆ، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی داوای دانپیانان بە(خود)ەکەی بکات و داوای ئازادی بکات، ئەمەش بەتایبەتی لە کۆندا و لە پەیوەندی نێوان کۆیلە و خاوەن کۆیلەدا دەرکەوتووە تاوەکو گەیشتووە بەوەی کۆیلە داوای دانپیانان بکات کە تاکێکی خاوەن هۆشیاری و کەسایەتییە(دیلو، ٢٠٠٠، ص٢٦٦)، دواجار ئەمەش بووەتە هۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵگای مەدەنی، کە لەسەر بنەمای پابەندبوون بە تەواوی مافەکان بۆ کۆمەڵگا دامەزراوە، چونکە لای هیگڵ سیاسەت زانستی گەڕانە بۆ ماف و ئازادی.

لای هیگڵ سێ بونیادی سەرەکی هەیە کە پەیوەستن بە ئەخلاقی کۆمەڵایەتییەوە، ئەوانیش خێزان و کۆمەڵگەی مەدەنی و دەوڵەتن، هیگڵ پێی وایە کە خێزان دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی بنەڕەتی و ئۆنتۆلۆجییە کە تیایدا ئازادی دەستەبەر دەبێت، دواتر کۆمەڵگەی مەدەنی دێت کە لەسەر بنەمای پێویستی دروستبووە و پەیوەستە بەلایەنی ئابورییەوە و کۆمەڵێک لە چینەکان لەخۆ دەگرێت وەک چینی جوتیاران و پیشەوەران و بازرگان و ...هتد، واتا کۆمەڵی مەدەنی لای هیگڵ لەسەر دوو بنەما دروستبووە، یەکەم بوونی کۆمەڵێک تاکە کەدەگەڕێن بۆ تێرکردنی پێداویستیەکانیان، دووەم بوونی پەیوەندی نێوان ئەو تاکانە، ئەمەش وادەکات هەر تاکێک گرنگی بەئەوانی تر بدات و پشتیان پێ ببەستێت بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی، لەدوای کۆمەڵی مەدەنی دەوڵەت دێت کە لەڕێگەی یەکگرتنەوە دروست دەبێت و ئامانجی بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتیە، هاوکات بوونێکی خاوەن بەهایە(لینکستەر، ٢٠٠٧، لا١٩٧) ئەم بوونە خاوەن بەهاییەی دەوڵەت لای هیگڵ دەگات بە ئاستێک بڵێت دیاریکەری جۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیشە(چەنگایی، ٢٠١١، لا ١٩٧)، واتا ڕۆڵێکی بنچینەیی لە ژیانی کۆمەڵگەدا هەیە، بەڵام ئەم بۆچونەی هیگڵ وەکجۆرێک لە زیادەڕەوی دەبیندرێت سەبارەت بە دەسەڵات و مەزنی و گەورەیی ڕۆڵی دەوڵەت، بۆیە بەلای بەشێک لە بیرمەندانەوە ئەم بۆچونە نەک هەر ڕەتدەکرێتەوە، بەڵکو پێچەوانەکەی بەڕاست دەزاندرێت، کارل مارکس کە بەشێکی تێزەکانی خۆی لەسەر بنەمای دیالەکتیکی هیگڵی داڕشتووە، یاخود ووردتر بڵێین لەسەر هەڵگێڕانەوە تێزەی دیالەکتیکی عەقڵانی هیگڵی بۆ دیالەکتیکی ماتریالی داڕشتووە، ڕەخنەی بۆچونەکەی

هیگل لەمەڕ ڕۆڵی دەوڵەت لەکۆمەڵگادا دەگرێت و پێیوایە ئەوە کۆمەڵگەیە کۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بەرژەوەندی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە و تەنانەت جۆر و شێوەی دەوڵەتیش دیاری دەکات(چەنگایی، ٢٠١١، لالا ١٩٦-١٩٧). نەوەک دەوڵەت ئەو ڕۆڵەی هەبێت، بەواتایەکی تر دەوڵەت خۆیشی بەرهەمی کۆمەڵگە و دەرکەوتەی قۆناغێکی مێژووی کۆمەڵگەیە کە تیایدا دابەشبوونی چینایەتی دەبێتە دیاردەیەکی باوی ئەو کۆمەڵگەیە.

کۆمەڵگەی مەدەنی لای هیگڵ گوزارشتە لە کۆمەڵگەی پێداویستیەکان(مجتمع الحاجات)، هیگڵ پێیوایە کۆمەڵگەی مەدەنی لە خێزانەوە دەستپێدەکات، دوای ئەوەی کۆمەڵێک تاکی سەربەخۆ بە جۆرێک لە جۆرەکان لە دەرەوەی خێزان کاردەکەن و دەجوڵێن، ئیتر ئامانج و بەرژەوەندییان بۆ دروست دەبێت، و هەرتاکێک ئیعتیماد دەکاتە سەر ئەوانی تر بۆ دەستەبەری پێداویستیەکانی و بەمجۆرە پشت پێبەستنی هاوبەرابەر(إعتماد متبادل) دروست دەبێت لە نێوان تاکەکاندا(هیجل، ١٩٩٦، ص ص ٤٣١ – ٤٣٢)، و هەرتاکێک یاخود هەرکۆمەڵە تاکێک بۆ دەستەبەری بەشێک لە پێداویستییەکانیان پشت بە ئەوانی تر دەبەستن، هاوکات خۆشیان دەبنە مایەی پشت پێبەستران بۆ دەستەبەری کۆمەڵێک پێداویستی بۆ ئەوانی تر، واتا هەموو تاکێک هەم هاوکار و هاوبەشە لە دەستەبەری پێداویستییەکان هەمیش خوازیار و بەکاربەری بەشێک لەو پێداویستیانەیە و بەمجۆرە پێکەوە گرێدراوی هەماهەنگی لە کۆمەڵگەدا دروست دەبێت.

کۆمەڵگەی مەدەنی لای هیگڵ سێ قۆناغ لەخۆی دەگرێت، یەکەم قۆناغ بریتییە لە پێداویستی تاک و هەوڵی تاک بۆ تێرکردنی ئەو پێداویستیانە لەڕێگەی کارەوە، و تێرکردنی پێداویستی ئەوانی تر، هیگڵ ئەم قۆناغە ناو دەنێت سیستەمی پێویستیەکان، و قۆناغی دووەم بریتییە لە گەیشتنی تاکەکان بەو باوەڕەی کە ئازادی دەبێتە هۆی پاراستنی موڵکایەتی و بەبێ بوونی ئازادی بوونی موڵکایەتی و مافی پاراستنی خاوەندارێتی دەکەوێتە مەترسییەوە، بۆیە دەبێت پاراستنی مافەکان بەشێوەی دادپەروەرانە جێگیر و پتەوبکرێن، هیگڵ ئەم قۆناغەش بە قۆناغی پیادەکردنی دادپەروەری و یەکەی دادوەری (ممارسة العدالة و هيئة القضائية) گوزارشت دەکات، کۆتا قۆناغیش بریتییە لە دژایەتی بەکارهێنانی نەرێنیانەی خستنەڕوی پێداویستیەکان، و پراکتیزەکردنی دادپەروەری، هەروەها ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییە بەشەکییەکان، بەو پێیەی ئەو بەرژەوەندییانە دواجار و بەیەکەوە بەرژەوەندی هاوبەش پێکدەهێنن(نائب، ٢٠١٦، ص ص١٠١-١٠٢). لەم سێ قۆناغەوە کۆمەڵگەی مەدەنی گەشە دەکات و لەکۆمەڵگەدا دەچەسپێت و جۆرێک لە جیابوونەوە و سەربەخۆبوون لە کۆمەڵگەی سیاسی بەدەست دەهێنێت، بەمجۆرە هیگڵ جیاکاری دەکات لەنێوان کۆمەڵگای مەدەنی و کۆمەڵگەی سیاسی (دەوڵەت)دا، مەبەستی لە جیاکاری لەو ڕوانگەوەیە کە کۆمەڵگەی مەدەنی بوونی نابێت مەگەر لەدەوڵەتدا کاربکات، واتا کۆمەڵگەی مەدەنی دەرناکەوێت بەبێ بوونی دەوڵەت، هاوکات هۆکارێکیشە کە گەشەی دەوڵەت کامڵ دەکات، دەوڵەت بەو جۆرە لە کۆمەڵگە دەڕوانێت کە کۆبوونەوەی کۆمەڵێک شەخسی سەربەخۆیە و لەپێناو ئامانجەکانیان هەوڵدەدەن لەمیانەی کاری دەزگای کۆمەڵایەتی.

لە کۆمەڵگەی نوێ و پێشکەوتودا تاکەکان بەرهەمی جیاواز بەرهەمدەهێنن، و پێویستیان بەیەکتر دەبێت بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانیان، ئەمەش وادەکات پشت بەیەکتر ببەستن، زیادبوونی پێداویستیەکان و گەشە و جۆراوجۆری بەرهەمەکان بووە هۆی ئەوەی بەرژەوەندی جیاواز و پێکەوە گونجاو سەرهەڵبدات، چونکە هەرچەندە ئەو پێداویستیانە دەرەکی و جەستەییش بن، بەڵام دواجار کاریگەری لەسەر زیهنیەت و دەروونی تاک جێدەهێڵن، واتا وەک ئەوەی هیگڵ دەڵێت دەرەکی بوونی شتەکان بەمانای کەمتر پێویست بوون نییە، بەڵکو بەپێویست ناوەکی بوونە (Hegel, 1977, p512)، چونکە ئەوە ئێمەین تەنیا ڕەهەندە دەرەکی بوونەکەی دەبینین بەبێ لێکەوت و ڕەهەندە ناوەکییەکەی، بۆیە دواتر و لە سیستەمی پێویستییەکاندا بەهۆی جیاوازی بەرهەمهێنان جیاوازی چینە بەرهەمهێنەرەکانیش دەرکەوتن وەک جوتیار و کرێکار و بازرگان و ...هتد، ئەم دەرکەوتە بووە هۆی دەرکەوتنی ڕێکخراوە و کۆمەڵەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی(لینکستەر، ٢٠٠٧، لالا ٢٠-٢١)، واتا کۆمەڵگەی مەدەنی بە دوو قۆناغی سەرەکی دا تێپەڕبوو:ئەوانیش قۆناغی دەرکەوتنی سیستەمی پێداویستیەکانە کە لەسەر سێ هۆکار وەستاوە: پشت بەیەکتر بەستنی هاوبەرابەر، کار وەک ئامرازی تێرکردنی پێداویستیەکان، سامان، هەروەها قۆناغی یەکەی دادوەری، لەم قۆناغەدا کۆمەڵگەی مەدەنی لە کۆمەڵێک تاک پێکهاتووە کە مافەکانیان وەرگۆڕاوە بۆ یاسا(نائب، ٢٠١٦، ص ١٠٣)، ئەرکی یاساش بریتییە لە پاراستنی ئەو مافانە و سزادانی ئەو کەسانەی سەرپێچی دەکەن، هیگڵ پێیوایە لەڕێگەی سزای یاساییەوە غەریزەتی تۆڵەکردنەوە لای تاکەکان کۆنترۆڵ دەکات، بەڵام سزادان مەبەستێکی ئەخلاقی لەپشت نییە وەکو پرسی ئەخلاق لای کانت، بەڵکو بەمەبەستی بەدەستهێنانی ڕۆحی ڕەهای دەوڵەت نەتەوەیە، و ناچارکردنی تاکەکانە بۆ قوربانیدان بۆ ئەو ڕۆحە ڕەهایە، هەروەها لای هیگڵ دەوڵەت ئەخلاقی خۆی هەیە کە بەرز و پاک و باڵایە، و خێزان و کۆمەڵگەی مەدەنی ئامرازی پاراستنی یەکێتی ئەو رۆحە ڕەهایەن(کرم، ٢٠١٢، ص ص ٢٩٣-٢٩٤)، هەر ئەمەش وائەکات پرسی دیالەکتیک لای هیگڵ بە پیرۆزی ڕۆحی نەتەوە و دەوڵەت بە کەماڵی خۆی بگات.

لای هیگڵ کۆمەڵگەی مەدەنی جیاوازە لەدەوڵەت و خێزان، ڕایەڵێکە لە نێوانیان، واتا لەنێوان تاک و دەوڵەتدایە و بەشێوەیەکی بابەتی جیاوازە لە بابەتە گشتیەکانی پەیوەست بەدەوڵەت لەلایەک و بابەتە کەسیەکانی فەرد لە لایەکی تر، بەڵام بەجۆرێک لەجۆرەکان دەوڵەت لەئاستی باڵاتردا دەبینێت و پێیوایە پێویستە خێزان و تاکەکان و گروپەکان لەخزمەت دەوڵەتدا بن، و تەنانەت کردە غەریزییەکانیش دەخاتە خزمەت دەوڵەتەوە، بۆنمونە پێیوایە خێزان کە بنەمایەکە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەوڵەت، بەڵام دەبێت لەخزمەت دەوڵەت و کۆمەڵگەدا بێت، بۆیە پرۆسەی هاوسەرگیری وەکو پرۆسەیەکی سۆزداری نابینێت، بەڵکو پێیوایە هاوسەرگیری ئەرک و پرۆسەیەکی پیرۆزە و پێویستە لەڕوانگەی هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی سەرچاوەبگرێت و لەپێناو خزمەتکردنی کۆمەڵگە و دەوڵەتدا بێت(کرم، ٢٠١٢، ص٢٩٣)، واتا دروستکردنی خێزان تەواو گرێدراوی خواستێکی سیاسییە و ئامانج لێی پتەوکردنی پایەکانی دەوڵەت و بەهێزکردنیەتی.

هیگڵ بە میتۆدی دیالەکتیک و دۆزینەوەی ناوەندێک لەنێوان (خەڵک، خێزان، تاکەکان) و دەوڵەتدا، هەروەهالەپێناو پارێزگاری لەباڵایی و ڕۆحی ڕەهای دەوڵەت نەتەوە، کۆمەڵەی سیاسی لە کۆمەڵگەی مەدەنی جیاکردووەتەوە، هەرچەندە هیگڵیش هاوشێوەی کانت جەخت لەسەر عەقڵانیەتی گەشەکردنی کۆمەڵگە دەکاتەوە، بەڵام عەقڵانیەتی هیگڵ ڕووەو تێزە و ئەنتی تێز و سەنتێز ئاڕاستەمان دەکات کە کۆمەڵگەی مەدەنی وەکو سەنتێز و سەربەخۆ لە کۆمەڵگەی سیاسی شرۆڤە دەکات، ئەمەش سەرەتای سەرهەڵدانی مانای تازەی کۆمەڵگەی مەدەنی و بیرۆکەی جیاوازی کۆمەڵگەی مەدەنییە لە کۆمەڵگەی سیاسی لە هزری ڕامیاریدا.

## باسی چوارەم

## بەراوردی ڕوانگەی کانت و هیگڵ بۆ کۆمەڵگەی سیاسی – مەدەنی

کانت و هیگڵ وێڕای هەندێک جیاوازی بەڵام بەجۆرێک لەجۆرەکان پێکەوە گرێدراوییەکی هزریش لە نێوانیاندا هەیە، چونکە هیگڵ بەشێکی زۆری بۆچونەکانی لەسەر بنەمای تێزەکانی کانت بیناکردووە(پولادی، ٢٠٠٧، ل٣٩٩) جا بە ڕەخنەکردن و ڕەتکردنەوە بێت یاخود پشتگیری و پتەوکردن و وەک بنەما دانان بێت، (تۆم ڕۆکمۆر) یەکێک لە هیگڵ ناسەکان پێیوایە پەیوەندیی هیگڵ بە کانتەوە لەسەر چەند پرەنسیپێکی بنەڕەتی دامەزراوە، کە گرنگترین بنەما و لە پلەی یەکەمدا ئەوەیە کە هیگڵ فەلسەفەی ڕەخنەیی کانت قبوڵ دەکات، هەروەک لە نامەیەکیدا بۆ هاوڕێیەکی بەناوی شێلینگ (schelling) دەڵێت کە چاوەڕێی شۆڕشێکی سیستەمی کانتییە (rockmore, 1993, p56)، واتا هیگڵ دەخوازێت بنەما ڕەخنەییەکانی کانت لەشێوەی نزمی وەرەرخانێکدا ببینێت، هەربۆیە لە پەیوەست بە کۆمەڵگەی مەدەنی و عەقڵانیەتی گەشەکردنیش، جۆرێک لە نزیکی لەنێوانیاندا هەیە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە بۆچونی جیاواز و ناکۆکیشیان نەبێت هەروەکو دواتر ڕونی دەکەینەوە کە بۆچونی جیاوازیشیان هەیە.

هیگڵ بۆ تۆکمەکردنی بۆچونەکانی لە پەیوەست بە کۆمەڵگەی مەدەنی وەک ڕایەڵێک لەنێوان دەوڵەت و تاکەکان یان خێزاندا بەجۆرێک کە هاوتەریب بە پرسی دیالەکتیک و بەرئەنجامی تێزە و ئەنتی تێزە و سەنتێز بێتەوە، بیرۆکەیەکی سەربارخست، ئەویش پرسی جوڵەبوو لەناو شتەکاندا، بۆ تێگەیشتن لە پرسی جوڵە سەرەتا دەچینەوە لای کانت و (بوون لەخۆدا) وەک لادانی سوبێکت شیدەکەینەوە، هەروەک هیگڵ بەهەمان ئاڕاستەدا کاری کردووە، کانت پێیوایە شتێک کەبوونی هەیە ئەوا بوون لەخۆدایە نەوەک بەوجۆرەی ئێمە دەیبینین یان پێمانوایە بوونی هەیە بە ڕێگەی بیستن و چەشتن و بۆنکردن، بەڵکو بوونە لەماهیەتی خۆیدا(چەنگایی، ٢٠١١، ل ل ١٨١-١٨٢)، هیگڵ ئەم (بوون لەخۆدا)ی سوبێکتەی بەشێوەیەکی دوالیزمانە شرۆڤەکرد و وتی ئەوشتەی واقیعە ئەوا مەعقولە، و ئەو شتەش مەعقولە ئەوا واقیعە، واتا دیالەکتیکی مەعقول – واقیع دەبێتە بنەمای جوڵان، واتا شتەکان لەجوڵاندان و شێوەی جوڵەش بریتییە لە گۆڕان لە چەندایەتییەوە بۆ چۆنایەتی و بەشێوەی بازدانیشە نەوەک هێواش و ڕێکی و پلەبەندی(تەدریجی) (چەنگایی، ٢٠١١، ل ١٨٧)، بۆیە کۆمەڵگەی مەدەنی ئامرازی پتەوکردنی دوالیزمی خێزان و دەوڵەتە لە کۆمەڵگەدا و دەرهاویشتەی گۆڕانێکی دیالەکتیکانەی (بوون لەخۆدا)ی سوبێکت - کۆمەڵگەیە کە کانت بۆمانی ڕوونکردەوە.

هاوشێوەی کانت کە بیرۆکەی پەیمانی کۆمەڵایەتی بەبێ ڕەتکردنەوەی بونیادە عەقڵانیەکەی، ڕەتدەکاتەوە، بەو پێیەی شتێک نییە لە مێژوودا و هەروەها دەبێتە بنەمای ڕەوایەتی فەرمانڕەوا و تەنها مافی سکاڵا بە تاکەکان دەبەخشێت و هیچی تر، هیگڵیش لەو لایەنەوە بیرمەندانی پەیمانی کۆمەڵایەتی ڕەخنەدەکات کە پێیانوایە دۆخی سروشتی دۆخی پاکی و هاوکاری و پێکەوەژیانی ئاشتیانەیە، هەربۆیە جەخت لەسەر گرنگی عەقڵ و پەروەردەکردن و هۆشیاری دەکاتەوە بۆ گواستنەوە بۆ قۆناغی شارستانی بوون(بدوي، ١٩٩٦، ص١٢٤)، بۆیە دەکرێت بڵێین کانت و هیگڵ بەیەکەوە لایەنە ناتەواوەکانی بیرۆکەی پەیمانی کۆمەڵایەتی دەردەخەن و بناغەی ڕەخنەکردنی بیرۆکەکە پتەوتر دەکەن. بەڵام ئەم هاو بۆچونیەش تەواو هەماهەنگ نییە، هەروەک چۆن لەپرسە فەلسەفییەکانی وەک مێتافیزیک و جەوهەری سوبێکت هیگڵ هەم ڕەخنە لەکانت دەگرێت و هەمیش دەیکات بە بناغەی تیۆرەیەکی نوێ، هیگڵ پێی وایە کە کانت دۆگماتیزمی بابەتیی میتافیزیکی کلاسیکی دەگۆڕێت بۆ دۆگماتیزمی سوبێکتیڤیتی فەلسەفەی ڕەخنەیی، کە بە دژایەتی سوبێکت سەیری دەکات، واتە نیشانەی وەهمی میتافیزیکی مرۆڤ و تێکچوونی دەروونی، بەڵام لای هیگڵ هەموو شتێکی زیندوو دژایەتی لەخۆدەگرێت و بەرگەی دەگرێت و چارەسەری دەکات(Williams, 2017, p249)، واتا بە بۆچونی هیگڵ ئەوەی کانت بۆ گۆڕینی ئەو چەقبەستوییەی لە پرسە مێتافیزیکییەکانی سەردەمی کلاسیک و باڵایی عەقڵانیەتی ئایینی دەیکات، نامانگەیەنێت بە کرانەوەی عەقڵانی بەڵکو ڕاستەوخۆ دەمانخاتەوە ناو دۆگمایەکی تر کە ئەویش بریتییە لە بەرزکردنەوەی فەلسەفەی ڕەخنەیی کانت بۆ حەقیقەتێکی نەگۆڕ و چەقبەستوو، ئەم گۆڕانەش لەبتی مێتافیزیکاوە بۆ بتی فەلسەفەی ڕەخنەیی کانت دەبێتە پنتێک بۆ دژایەتی سوبێکت وەک بکەرێکی ئازاد و سەربەخۆ، بەڵام بەپێچەوانەی کانت کە دژەکان لەدەرەوە و لەهەمبەر سوبێکت دەوەستنەوە، ئەوا لای هیگڵ دەکرێت دژەکان لەهەمان شتدا زیندوێتی و گرەنتی مانەوە بەشتەکە بدەن. بە واتایەکی تر ئەوەی کانت پێویستی پێی بوو "لۆژیکێکی نوێ" بوو بۆ ئەوەی بزانێت کە ڕەنگە ئارگیومێنتەکەی بە پێچەوانەوە چۆن بڕوات، کە ئەمەش ڕێک مەبەستەکەی هیگڵ بوو، بەڵام هیگڵ پێی وابوو کە ئەمە پێویستی بە لۆژیکی "دیالێکتیک"ی خۆی هەیە(Pinkard, 2000 ,p716)، چونکە هەم شتەکان و هەمیش کۆمەڵگاکان لە پرۆسەی دیالەکتیکدان وەک دیالەکتیکی ئاغا و کۆیلە، بەڵام دیالەکتیکی کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگە پرسێکە کە کۆمەڵگەی مەدەنی وەکو ئەڵقەی سەنتێز دەبێتە ناوەندێک لە دیالەکتیکی ناو کۆمەڵگە کە دوا خواستی تۆکمەیی رۆحی ڕەهای دەوڵەتە .

هەروەها لەهەندێک بۆچوندا، جۆرێک لە جیاوازی لەنێوانیاندا هەیە، کە دەڵێین جیاوازی ئەوا مەبەستمان لە ڕەخنەکانی هیگڵە لەکانت بەوپێیەی هیگڵ لەڕووی مێژووی ژیانەوە لەدوای کانتەوە ژیاوە و بۆچونەکانی بڵاو کردونەتەوە، یەکەم خاڵی جیاوازیش کە لەبەرئەنجامی باسی دووەم و سێیەمی ئەم توێژینەوەیە بەرچاومان دەکەوێت بریتییەلە:

**یەکەم:** جیاوازی مانابەخشین بە چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی بەوپێیەی لای کانت کۆمەڵگەی مەدەنی گوزارشت بوو لە کۆمەڵگەی سیاسی دامەزراو لەسەر بنەمای عەقڵانی و ئەخلاقی بۆ پاراستنی مافەکانی تاک، بەڵام لای هیگڵ هەڵگری مانایەکی ناسیاسی بوو، و وەکو ناوەند و ڕایەڵێک بوو لەنێوان تاک یان خێزان و دەوڵەتدا و ئامانج لێی پاراستنی ماف و بەرژەوەندییە گروپییەکان بوو. هەروەها لەپەیوەست بە ماف یان ناچارکردنی تاکەکان، ئەوا بەپێچەوانەی کانت کە بڕوای بە ناچار کردنی تاکەکان و دەوڵەتان هەیە بۆ پابەندبوون بە ئاشتی و هەماهەنگی و دوورکەوتنەوە لەجەنگ و ناکۆکی خوێنی، هیگڵ ئەم جۆرە ناچارکردنە ڕەتدەکاتەوە و بڕوای وایە ئەوە ئەرکی فەلسەفە نییە یاساکانی خۆی بەسەر بووندا بسەپێنێت، بەڵکو ئەرکی فەلسەفە تێگەیشتن و درککردنە بەو یاسایانەی کە دەبنە هۆی مەعقولکردن و عەقڵانیکردنی بوون(کرم، ٢٠١٢، ص٢٩٤)، بەڕای هیگڵ ئەوەی کانت لە مرۆڤی داوادەکات ئاستێکی زۆر مەزن و ناوازەیە و بەجۆرێک لەجۆرەکان دەکرێت بڵێین کانت سروشت و غەریزەت و نەرجسیەتی مرۆڤ لەبیردەکات یاخود نادیدە دەگرێت، هەر لەسەر ئەم بنەمایە هیگڵ پرسی ئەخلاقی بەرز لای کانت ڕەخنە دەکات و دەڵێت کێشەی ئاکارپاکی و ئەخلاقیاتی مەزنی کانت ئەوەیە کە دەخوازێت پرسی ئەخلاق و مرۆڤ و ڕەفتاری مرۆڤ وەک نۆمینە (noumenon)لەبەرچاو بگرین، بەڵام لای هیگڵ مرۆڤیش و ڕەفتارەکانیشی بەشێکن لە دیاردەی ناو بوون (بوونی جیهان) و هەر لە بوونیشدا پێوانە و هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت، بەبڕوای هیگڵ خۆ ئەگەر پرسی ئەخلاق وەک نۆمینەش وەربگرین ئەوا ناتوانین پرسی سزا وەک کارتێکەرێکی سەر نۆمینەی مرۆیی

ببینین(Solomon, 2004, p199) ، واتا سزا ئەرکەکەی بریتییە لە ڕەفتار لە دیاردەی ناو بوون(جیهان وەک بوون) نەوەک وەک ئامرازی دەستکاری بونیادی ناوەکی مرۆڤ، هەر ئەمەش پرسی کۆمەڵگەی مەدەنی لە پرسی ئەخلاق ئاینی جیا دەکاتەوە کە لای کانت پەسەند و بنەمایە.

**دووەم:** هەروەها کاتێک باس لە تاکی ئازاد لە کۆمەڵگەدا دەکەن، کانت پڕوای وایە تەنها مرۆڤی ئازاد دەتوانێت ئەو ئەرکانە بەجێبگەیەنێت کە ڕێسا ئەخلاقییەکان داوای دەکەن و دەیسەپێنن، بەڵام هیگڵ لە ڕۆڵی مرۆڤی ئازاددا هەنگاوێک زیاتر دەنێت و پێیوایە تەنها مرۆڤە ئازادەکانیشن دەتوانن دان بە ئازادی و مەبەستە عەقڵانیەکانی ئەوانی تردا بنێن، لەوانەش بنەڕەتیترین مەبەستی مرۆڤێکی دیکەی ئازاد کە پرسی دانپیانانە(Williams, 2017, p291)، واتا دانان بەئەوی تردا وەکو بونەوەری ئازاد و عەقڵانی.

**سێیەم:** لایەنێکی تری جیاوازی دیدی هیگڵ لە کانت لەهەمبەر پرسی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕۆڵی تاک لەو کۆمەڵگەیەدا پەیوەستە بە پرسی هۆشیارییەوە، هیگڵ پێیوایە ئەوەی لەناو ئۆبێکت خۆیدا ئامادەیە پرسێک و شتێکە بۆ هۆشیاری لەکاتێکدا زانین یان ئۆبێکتیڤبوونی هۆشیاری گرێدراوی ساتێکی ترە (Ciccariello, 2022, p267)، واتا زانینیش وەکو سەرچاوەی ڕەفتار لە مێژوودا و گرێدراو بە دۆخی باو دروست دەبێت و دەبێت بە بنەمای کردەی مرۆیی لە کۆمەڵگەدا، بەڵام وەک لە پێشودا بینیمان لای کانت گرێدراوی عەقڵ و ئەخلاقی پاکە. هەروەها هیگڵ پێیوایە لەو ساتەوەی کە مێژوو بە ئازایانە دەرکەوت ئەوا هۆشیاری بووە ئازادییەکی خۆئاگادارییانە، ئەم ئازادییەش پێیدەگوترێت ستۆیسیزم (stoicism)کە بنەماکەی ئەو هۆشیارییەیە کە جەوهەری بیرکردنەوەیە و خۆیشی تەنها شتێکە جەوهەر و ماهیەتی هەبێت بۆ هۆشیاری، ئەمەش بەو شێوەیەی کە هۆشیاری لە بونیادی خۆیدا هەڵسوکەوت دەکات وەکو کەسێکی بیرکەرەوە(PIPPIN, 2011, p96)، بەڵام دیوە شاراوەکەی وەک لای هیگڵ دەردەکەوێت پرسێکی لێکەوتی مێژووە و وەکو ڕۆحی ڕەهای سەردەمەکە دەردەکەوێت.

دەکرێت بڵێین گرینگترین بەش لە فەلسەفەی سیاسی هیگڵ، بریتییە باسکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەوڵەت و جیاکردنەوەی نێوان ئەو دووانە، دەوڵەتی مۆدێرن لە سەربەخۆیی تەواوەتیدا جیاوازە لە کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەم جیاکارییە بە مانای دابڕان و پچڕان نییە، بەڵکو کۆمەڵگای مەدەنی سات و قۆناغێکە لە دەوڵەتی مۆدێرن، کە دەتوانرێت لە شێوەی سیستەمی دیالکتیکی هیگڵیدا تێبگەین، هیگڵ کۆمەڵگەی سیاسی لە کۆمەڵگەی مەدەنی جیادەکاتەوە و پێیوایە کۆمەڵگەی سیاسی (دەوڵەتی مۆدێرن) لە سەرووی کۆمەڵگەی مەدەنییە و بەم پێیەش سەربەخۆبوونی لە کۆمەڵگەی مەدەنی دەستەبەر دەکات و هەنگاو بە هەنگاو ئاستێکی بەرزتری لە کۆمەڵگەی مەدەنی پێدەبەخشێت(نقوی، ١٣٨٨، ص١١٢)، بەبۆچونی هیگڵ دەوڵەت لوتکەی گەشەکردنی عەقڵانیانەی مێژووی مرۆییە و هەر لەسەرەتای شارستانیەتی مرۆڤەوە دەستی بە گەشەکردن کردووە بەرەو کامڵبوونی ڕەها، و مرۆڤەکانیش بەهۆی سروشت و چارەنوسی خۆیان لەناو دەوڵەتدا گەشەدەکەن ژیانیان بەردەوامی پێدەدەن نەوەک بەهۆی ئەوەی کە پێیانوابێت دەوڵەت دەسەڵاتێکی ناچارییە و دەبێت لەگەڵیدا بگەنجێن، بەڵکو چونکە دەوڵەت وەک بونەوەرێکی عەقڵانی لەناو مێژوو و لەبونیادی مرۆڤایەتیدا گەشە دەکات، مرۆڤیش ئەوکاتە ئازادە کە بەرگری لە سروشتی خۆی بکات، واتا بەشداری لە ژیانێکی فراوانتردا بکات کە دەوڵەتە، مرۆڤیش تەنها لە دەوڵەتدا دەتوانێت بوونی عەقڵانیانەی خۆی بەدەست بهێنێت(پولادی، ٢٠٠٧، لا٤٠٠)، هەروەها کۆمەڵگەی مەدەنی لای هیگڵ گوزارشتە لە کۆمەڵگەی پێداویستییەکان(مجتمع الحاجات)، بەپێچەوانەی کانت کە کۆمەڵگەی مەدەنی وەکو کۆمەڵگای ئامانجەکان(مجتمع الغایات) گوزارشت دەکات، واتا هیگڵ پێیوایە زیادبوون و گۆڕانی پێداویستییەکان و خواستەکانی مرۆڤ بۆ ئەو پێداویستیانە بووەتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی، هەربۆیە لای هیگڵ کۆمەڵگەی مەدەنی هەڵگری ماهیەتێکی ناسیاسییە و ڕایەڵێکی پاراستنی بەرژەوەندییەکان و مافەکانە لەنێوان تاکەکان و دەوڵەتدا، بەڵام کۆمەڵگەی مەدەنی وەکو کۆمەڵگەی ئامانجەکان لای کانت ڕاستەوخۆ گرێدراوی ئامانجە گشتییە ئەخلاقی و عەقڵانیەکان دەبێت و دەبێتە پرس و بابەتێکی تەواو سیاسی و هەڵگری ڕەهەند و ئامانجی سیاسی.

هیگڵ کاتێک ڕەخنەی کانت دەکات لە پرسی (کۆمەڵگەی مەدەنی وەک کۆمەڵگەی ئامانجەکان) ئەوا پرسی ئازادیش بەهەمان پێوانە هەڵدەسەنگێنێت، بۆیە دەڵێت کانت پێناسەیەکی نێگەتیڤانەی ئازادی کردووە، چونکە وەک واقیعێکی ڕاستەقینە لە ئازادی نەڕوانیوە، بەڵکو پێیوابووە ئازادیش ئامانج و نمونەیەکی باڵایە و خوازیاری دەستەبەربوونین، ئەمەش بەلای هیگڵەوە بەوجۆرەیە کە شرۆڤەی کانت بۆ چەمکی ئازادی لە خواستە فەردییەکان تێپەڕناکات(بدوي، ١٩٩٦، ص٤١)، و ناچێتە واقیعەوە، بەڵکو گرێدراوی خواست و غەریزەتی تاک دەبێت و خواست و غەریزەتی تاکیش دەستەبەر نابێت چونکە بابەتی خودی و گۆڕاوە.

## کۆتایی و دەرئەنجام

پرسی کۆمەڵگەی مەدەنی و بەڕێوەبردنی شارستانیانەی کۆمەڵگە و پەیوەندی نێوان یەکە و گروپ و کۆمەڵە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگە، لەکۆنەوە جێگەی مشتومڕ و گفتوگۆی بیرمەندان بووە و وەکو لێکەوتی گەشەکردنی کۆمەڵگە لێیان ڕوانیوە، هەربۆیە بیرمەندان هەم لە بنەماکانی گەشەکردنی کۆمەڵگەیان کۆڵیوەتەوە وەک بنەمای ئابوری و مێژوویی و کۆمەڵایەتی و کەلتوری و عەقڵانی و ...هتد، هەمیش ئاستەکانی گەشەکردنی کۆمەڵگەیان شیکارکردووە لە هزری گریکی کۆنەوە بۆ بیرمەندانی پەیمانی کۆمەڵایەتی و سەردەمی ڕۆشنگەری و عەقڵانیەت و تائێستا.

لێکۆڵینەوەکان مانای جیاوازیان بە ئاستەکانی گەشەکردنی کۆمەڵگە داوە، بۆیە لەسەرەتادا کۆمەڵگەی سیاسی گەشەکردو و وەرچەرخاو ڕووەو دامەزراوەیی و یاسایی، بە کۆمەڵگەی مەدەنی گوزارشت کراوە، بەڵام دواتر و بە گەشەی زیاتری هزریی بیرمەندان چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کۆمەڵگەی سیاسی جیاکراوەتەوە و هەریەکەیان مانای جیاوازی خۆیان پێدراوە .

کانت و هیگڵ لە دیارترین بیرمەندانی پەیوەست بە گەشەکردنی عەقڵانی کۆمەڵگەی مەدەنی سیاسی بوون وەک لەم توێژینەوەیەدا ڕوونمان کردووەتەوە، بۆیە لەکۆتایی توێژینەوەکەماندا دەگەین بە چەند دەرئەنجامێک کە گرنگترینیان بریتین لە:

لە ڕوانگەی فەیلەسوفانەوە گەشەکردنی کۆمەڵگە گرێدراوی کۆمەڵێک بنەمای جیاوازە وەک بنەمای ئابوری، کەلتوری، مێژوویی و عەقڵانی.

گەشەکردنی عەقڵانی کۆمەڵگەی مەدەنی – سیاسی بریتییە لە گۆڕانی بونیادی عەقڵی پەیوەندییەکان و بەڕێوەبردنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان.

گەشەکردنی عەقڵانی بووەتە هۆی سەرهەڵدانی مانای جیاواز بۆ کۆمەڵگەی گەشەکردو، هەندێک لە فەیلەسوفان کۆمەڵگەی سیاسی گەشەکردو بە کۆمەڵگەی مەدەنی گوزارشت دەکەن، بەواتایەکی تر کۆمەڵگەی سیاسی و کۆمەڵگەی مەدەنی

هەمان مانا و ماهیەتیان هەیە لە لایان، بەڵام بەلای هەندێک بیرمەندی ترەوە کۆمەڵگەی مەدەنی لە کۆمەڵگەی سیاسی جیاوازە.

فەیلەسوفی عەقڵانی سەردەمی رۆشنگەری (کانت) جەخت لە کۆمەڵگەی مەدەنی دەکاتەوە وەکو کۆمەڵگەی سیاسی گەشەکردو و لەسەر بنەمای عەقڵانی و ئەخلاقی رووەو کۆمەڵگەی ئامانجەکان، واتا کۆمەڵگەی مەدەنی لای کانت بریتییە لە کۆمەڵگەی سیاسی.

کۆمەڵگەی مەدەنی بەلای هیگڵەوە جیاوازە لە کۆمەڵگەی سیاسی، هیگڵ ویڕای گرنگیدان بە عەقڵانیەت وەکو بنەمای گەشەکردنی کۆمەڵگە، بەڵام جیاوازی دەکات لەنێوان کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵگەی سیاسی، کۆمەڵگەی مەدەنی وەکو کۆمەڵگەی پێداویستییەکان گوزارشت دەکات کە جیاوازە لە دەوڵەت وەکو رۆحی ڕەهای سەردەمەکەی.

وێڕای ئەوەی کانت و هیگڵ هەردووکیان گرنگی بە عەقڵانیەت وەکو بنەمای گەشەکردنی کۆمەڵگە دەدەن، بەڵام دەگەن بە دەرئەنجامی جیاواز، و مانای جیاواز بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی دەچنن، کە لای کانت کۆمەڵگەی مەدەنی هەمان کۆمەڵگەی سیاسیە بەڵام بەئاستێکی گەشەکردوی عەقڵانی – ئەخلاقی، بەڵام لای هیگڵ ناوەندیکە لەنێوان خەڵک و دەوڵەتدا، وەک سەنتێزەیەک لەنێوان تێزەی دەوڵەت و ئەنتی تێزەی خەڵکدا.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: بە زمانی کوردی

### کتێبی وەرگێردراو بۆ کوردی

جەهانبەگلو، رامین، (٢٠٠٩)، دەسەڵات و ئازادی، و.عەتا جەمالی، بەشی فەلسەفەی زانکۆی سەلاحەدین و دەزگای موکریانی، هەولێر.

قەوام، عەبدولعەلی، (٢٠٠٩)، بەربەستەکانی گەشەسەندنی سیاسی، و.هیوا مەجید خەلیل، دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

پولادی، کەمال، (٢٠٠٧)، لە دەوڵەتی دەسەڵاتخوازەوە بۆ دەوڵەتی ئەقڵ، و.یوسف خزر چوپان، دەزگای وەرگێران، هەولێر.

لینکستەر، لین و، (٢٠٠٧)، خواوەندانی هزری سیاسی، و.کامران محمد پور، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.

چەند نوسەرێک، (٢٠١١)، چەند تێکستێکی وەرگێردراو، و.ڕێبین هەردی، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران، هەرێمی کوردستان، چاپی دووەم.

چەنگایی، وشیار بەهرام، (٢٠١١)، داد یان بێدادی؟ ڕوانگەیەکی ڕخنەگرانەی کۆمەڵایەتی، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی.

دیورانت ، ویل، (٢٠١٢)، مێژووی فەلسەفە لەئەفلاتونەوە تا جۆن دیوی، و.أحمد سید علی بەرزنجی، خانەی وەرگێران، سلێمانی.

### دووەم: بەزمانی عەرەبی

### کتێبی عەرەبی

طرابيشي، جورج، (٢٠٠٦)، معجم الفلاسفة، دار الطليعة، ط٣، بيروت.

السروجي، طلعت مصطفى و اخرون، (٢٠٠١)، التنمية الاجتماعية المثال و الواقيع، مركز نشر و توزيع الكتاب الجامعي، جامعة حلوان.

بدوى، عبدالرحمن، (١٩٧٩)، امانويل كانت: فلسفة القانون و السياسة، الناشر: وكالة المطبوعات، كويت.

بدوي، عبدالرحمن، (١٩٩٦)، فلسفة القانون و السياسة عند هيجل، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت.

عارف، نصر محمد، (١٩٨١)، نظريات التنمية السياسية المعاصرة – دراسة نقدية مقارنة في ضوء المنظور الحضاري الإسلامي، دار القارئ العربي، القاهرة.

كرم، يوسف، (٢٠١٢)، تاريخ الفلسفة الحديثة، كلمات عربية للترجمة و النشر، القاهرة.

### کتێبی وەرگێردراو بۆ عەرەبی

هيجل، ج.ف، (١٩٩٦)، أصول فلسفة الحق، ت.إمام عبدالفتاح إمام، مكتبة مدبولي، الجزء الاول، القاهرة.

دولوز، جيل، (١٩٩٧)، فلسفة كانط النقدية، ت: اسامة الحاج، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت.

هيجوت، ريتشارد، (٢٠٠١)، نظرية التنمية السياسية، ت: أ.د.حمدي عبدالرحمن و د.محمد عبدالحميد، المركز العلمي للدراسات السياسية، الأردن.

ديلو، ستيفن، (٢٠٠٠)، التفكير السياسي و النظرية السياسية و المجتمع المدني، ت.ربيع وهبة، منتدى مكتبة الاسكندرية، القاهرة.

### توێژینەوەی زانستی

نائب، احسان عبد الهادى، (٢٠١٦)، مفهوم المجتمع المدنى عند كانط و هيغل، المجلة السياسية و الدولية، جامعة المستنصرية، عدد ٣٣-٣٤.

الدرمكي، على بن سليمان بن سعيد، (٢٠١٢)، التميه السياسيه و دورها فى الاستقرار السياسى في سلطنة عمان (١٩٨١ ـ ٢٠١٢)، رسالة ماجستير غير منشورة التى قدمها في جامعة الشرق الاوسط.

زعطوط، كلثوم و ضيف، الأزهر، (٢٠١٨)، مفهوم المجتمع المدني بين التأصيل النظري ومشكلة المرجعية، مجلة الباحث في العلوم الانسانية و الاجتماعية، عدد: ٣٣، جامعة قاصدي مرباح ورقلة، الجزائر، مارس.

الكعبى، محمد سمارى رحيمة، (٢٠١٧)، جمهورية (كانت) الاخلاقية، مجلة اداب المستنصرية، المجلد ٤١ – عدد ٧٧، كلية الاداب في الجامعة المستنصرية.

### ئینتەرنێت

بدون اسم الكاتب، ماهو مفهوم التنمية لغة واصطلاحا...3 معلومات حول التنمية الشاملة للمجتمع، إيد أرابيا، تاريخ زيارة: ٢٠٢٢\٦\٣٠، متاح على رابط الاتية : https://bit.ly/3AexMKy .

### سێیەم: بە زمانی فارسی

### کتێبی فارسی

نقوى، غلامرضا، (١٣٨٨)، متافيزيك و سياست: تمايز جامعه مدني و دولت در فلسفه سياسي هگل، فصلنامه تخصصى علوم سياسى، دانشگاه آزاد اسالمي تهران، شماره هشتم، تهران، پاييزى.

### توێژینەوەی زانستی

عبداللهى، محمد و راد، فيروز، (مارس – نيسان ٢٠٠٩)، روند تحول و موانع ساختارى توسعة سياسى در ايران(١٣٨٢-١٣٠٤)، مجله جامعەشناسى ايران، دورة دهم، شماره ١، تهران، فروردين ١٣٨٨.

### چوارەم: بەزمانی ئینگلیزی

### کتێبی ئینگلیزی

## کتێبی وەرگێڕدراو بۆ ئینگلیزی

Hegel, G.W.F, (1977), the phenomenology of spirit, translated by: A.V.Miller, Oxford University Press, Oxford and New York.

Kant, Immanuel, (2013), Answer the question: What is Enlightenment?, Translate by: Daniel Fidel Ferrer, Free unlimited distribution, without place.

Kant, Immanuel, (without date), critique of practical reasons, Translated by: Lewis White BECK, A LIBERAL ARTS PRESS BOOK, New York.

Kant, Immanuel, (1998), Critique of pure reason, Translated by: Paul Guyer and Allen W. Wood, Cambridge University PRESS, Cambridge and New York.

Rousseau, Jean Jacques, (1999), the social contract, translate by: Christopher Betts, oxford university press, oxford and New York.

## ئینتەرنێت

Ciccariello, G, from Hegel to Marx - Can Dialectics Break Bricks?, Sojourner Truth Organization, without place, visit date: 5\7\2022, p267, for detail see this link: https://www.pdfdrive.com/from-hegel-to-marx-e19136206.html .

Kalyvas, Andreas, (2008), Democracy and the Politics of the Extraordinary - Max Weber, Carl Schmitt, and Hannah Arendt, Cambridge University Press, Cambridge and New York.

Kenny, Anthony, (2007), Philosophy in the Modern World, Oxford University Press, Oxford and New York.

Becker, Don, (2004), Kant’s moral and political philosophy, in book: same of writers, Routledge History of Philosophy: Volume 6: The Age of German Idealism, Edited by: Robert C.Solomon and Kathleen M.Higgins, Routledge, London and New York.

Mill, John Stuart, (2009), Considerations on Representative Government, THE Floating Press, without place.

Mill, John Stuart, (2001), On Liberty, Batoche Books, Canada.

Marx, Karl with Engels, Friedrich, (1998), the German ideology, Prometheus books, New York.

Pippin, Robert B, (2011), Hegel on self-consciousness, Prinseton University Press, Prinseton and oxford.

Williams, Robert R, (2017), Hegel on the Proofs and the Personhood of God - Studies in Hegel’s Logic and Philosophy of Religion, Oxford University Press, Oxford and New York.

Lash, Scott and Whimster, Sham, (2007), max weber – rationality and modernity, Routledge, London and New York.

Eagleton, Terry, (2018), why Marx was right, Yale university press, New Haven and London.

Pinkard, Terry, (2000), Hegel A Biography, Cambridge University Press, Cambridge and New York.

Rockmore, Tom, (1993), before and after hegel – a historical introduction to Hegel’s thought, university of California press, Berkeley – los angeles- London.